# چەمکی ڕای گشتی
# لە کـۆن و نـــوێدا

نووسینی:

**د. نەسمە ئەلبەتریق**

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

**ئاوات حەمەئەمین**

پێشەکی

**د. عەدالەت عەبدوڵڵا**

زنجیرەی هۆشیاریی حزبی / ژمارە / ٤ ی حوزەیرانی ٢٠٢٦

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

## زنجیرەی هۆشیاریی حزبی

زنجیرەیەک نامیلکەی تایبەتە بە هۆشیارکردنەوەی حزبی، بۆردی هۆشیاری سەر بە مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری ناوبەناو دەریدەکات. ئامانج لەم زنجیرەیە بریتییە لە بەشداریکردن لە پرۆسەی پێشخستن و گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوەی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕێگای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە دیدی یەکێتی لە پرسە جۆراوجۆرە فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هەر بابەتێکی تری پەیوەندیدار بە هۆشیاریی حزبییەوە لەبەر ڕۆشنایی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .

# چەمکی ڕای گشتی
# لە کـــۆن ونـــوێدا


نووسینی:

**د. نەسمە ئەلبەتریق**

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

**ئاوات حەمەئەمین**

پێشەکی

**د. عەدالەت عەبدوڵڵا**

-ناوی نامیلکە: چەمکی ڕای گشتی لە کۆن ونوێدا
- نووسینی: د. نەسمە ئەلبەتریق
- وەرگێڕانی: ئاوات محەمەد ئەمین
- پێشەکی: د. عەدالەت عەبدوڵڵا
- دیزاین: ئەمیرە عومەر
- تیراژ: ( 1000) دانە
-ساڵی چاپ: 2026

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# چەمکی ڕای گشتی
# لە کۆن و نوێدا

## پێشەکی:

لە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا، کە لانیکەمی بنەماکانی ژیانی دیموکراسی ڕەچاو بکات، کۆنسێپتی ڕای گشتی-یش Public Opinion تێیدا بابەتێکی جێی بایەخ و گفتوگۆیە. ئەم بابەتە لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ناسنامەی سیستەمە سیاسییەکان و ئەندازەی پابەندبوون بە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، کە لە (١٩٤٨ز)ەوە جاڕدراوە و ١٩٣ دەوڵەت لە جیهاندا دانی پێدا ناوە، ئەوا دەبینین وەك پرسێکی سێنتراڵ و زیندوو، لە ناوەندە سیاسی و ڕوناکبیرییەکان و دامەزراوەکانی توێژینەوە و دەزگا ئەکادیمییەکان و لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتداری و ژیانی گشتی و لە بەریەککەوتن و ململانێکانی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەتیشدا، ئامادەبوونی هەیە و بەردەوام گرنگیی پێدەدرێت.

ئەم کۆنسێپتە، لە ڕووی مێژووییەوە، ڕەگێکی قوڵیشی لە ئەزموونی مرۆڤایەتیدا هەیە. لە سەردەمی شارستانییەتە دێرینەکاندا، وەك شارستانییەتەکانی میزۆپۆتامیا و میسری کۆن و ئەسینا و ئیسپارتە و هتد.. تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، بە زاراوە

و بیرکردنەوەی مێژوویی و سیستەمی مەعریفیی جیاجیاوە Paradigm، جێی باس و مشتومڕەو تاقی دەکرێتەوە.

سەردەمانێك بەناوی ڕێککەوتنی گشتی، یان ئاراستەی باو، یان کۆدەنگیی هەمووان، گرنگی بە ڕای هاووڵاتیان، یان دانیشتووان دراوە، بەتایبەتی لە دۆزە ئاڵۆزەکان و ڕووداوە چارەنووسسازەکان و ئاڵەنگارییە گشتییەکاندا، بەدیاریکراویش لەو پرسانەدا کە پێویستییان بە پاڵپشتی و وەرگرتنی ڕای پۆلێتس/ هاووڵاتیی جوامێر Polites بە مانا گریکییەکەی هەبووایە، یان بەشداریی مرۆڤی ئازاد -Free man بەو واتایەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبووە، یان بیروڕای ڕەعییەت وەك ئەوەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا، ناونراوە.

لەم ڕووەوە، لە زۆر سەرچاوەی زانستیدا، ئەو فاکتە دۆزراوەتەوە کە سۆمەری و ئاشوری و ئەکەدی و بابلییەکان، بە گشتی، بەهۆی ئەنجوومەنە میللییەکان و کۆنگرە و کۆبوونەوە جەماوەرییە گەورەکانەوە کە ڕێکیان دەخستن، سەنگێکیان بە ڕای گشتی داوەو ناو بەناو بۆی گەڕاونەتەوە، تەنانەت ئەگەر، لەو سەردەمانەدا، زۆرجار، گوێگرتن بۆ ڕای گشتی، زیاتر لە خزمەتی ئەو تایپە مێژوویییە لە کۆمەڵگەی سیاسی Political society بوویێت کە لەو دەورانە دێرینەدا باڵادەستبوون، هەر خۆیشیان سەرچاوەی زانیاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و باسکردنی واقعی ناوخۆ و دەرەوەی قەڵەمڕەوییەکانیان و مەترسی و هەڕەشەکانی سەریان، بوون.

واتە ڕای گشتی، لە مێژووی دێرینی پێش زایندا، تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست-یش (٤٧٦ز – ١٤٥٣ز) زیاتر لە خزمەتی دەوڵەت - شارەکان و ئیمبراتۆرییەت و شکۆی پاشا و سەردارەکاندا بووە، ئەمەش بەو پاساوە مێژووییەی کە لە بنەڕەتدا، هەتا پێش سەدەی ١٧ و ١٨ی زاینی، کە سەدەی ڕۆشنگەری و شۆڕشە سیاسی و ئابوورییەکان و کۆتایی هاتنی سیستەمە پاشایەتییە ڕەهاکانی ئەوروپایە، نە چەمکی هاووڵاتی بەو مانای نوێیەی کە ئێستا هەیە، لە ئارادا بووە، نە دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی-یش بەو مۆدێلە هاوچەرخە شێوەیان گرتبوو کە ئێستا ئەزموون دەکرێن، ئەمە جگە لەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەنیکەیشن-یش، وەك سەردەمی ئەمڕۆ، بۆ هەمووان بەردەست و فەراهەم نەبوون، تەنانەت داهێنانی چاپخانە لە سەدەی ١٥ و فراوانبوونی خوێندەواری و سەرهەڵدانی میدیای چاپکراو-یش Print media، لەدەرەوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی سیاسی و بەدیاریکراویش دەوڵەت و ئیمبراتۆرییەتەکاندا نەبوون، بۆیە دیاردەکەش، کە مەبەستمان لە ڕای گشتییە، بەو تایپە پێشکەوتووەی مێژووی نوێ و هاوچەرخمان، کە لە کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا هەیە، لە ئارادا نەبووە.

لەلایەکی تر، ئێمە هەموو، کەم و زۆر، ئاگادارین کە پەیوەندییەکی بەهێز و ئۆرگانی لەنێوان سیستەمی دیموکراسی و ڕەگی مۆدێرینی کۆنسێپتی ڕای گشتی- دا هەیە. سیستەمی دیموکراسی خۆیشی، ئەگەرچی بە ناونیشان مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام بە ناوەڕۆکی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٧ و ١٨،

بەدیاریکراویش بۆ سێ شۆڕشی مەزن کە لەو دوو سەدەیەدا، یەک لە دوای یەک، روویانداوە:

**یەکەمیان:** شۆڕشی پیرۆزی ئینگلتەرا -Glorious Revolution لە(١٦٨٨-١٦٨٩ز).

**دووەمیان:** شۆڕشی سەربەخۆخوازیی ئەمریکا -American Revolution لە (١٧٧٥ز-١٧٨٣ز).

**سێیەمیان:** شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩ز) و پاشان شۆڕشە دیموکراتییەکانی تری رۆژئاوا.

واتە ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی کە ئیتر دەسەڵاتی ڕەهای پاشاکانیان کۆتوبەند کرد و سیستەمی پاشایەتیی دەستوری، یان سیستەمێکی کۆماریی گەل پەسەندیان بەدوایدا هێنا، پلە بە پلەش بنەماکانی فەرمانڕەوایەتیان بە ڕەزامەندیی کۆمەڵگەوە گرێدا، کە لەگەڵیدا ئیتر ئایدیاکانی وەك مافی سروشتی و ئازادی و یەکسانی و هاوڵاتیبوون و باڵادەستیی گەل، هاتنە ئاراوە.

هەموو ئەو بەها و چەمکانە کۆڵەگە و بناغەی بەهێزبوون بۆ ئەوەی پێگەی گەل لە کاروباری گشتی و کۆمەڵگەی سیاسیدا برەو بستێنێت، هاوکات ڕای گشتی-یش ببێتە بەهایەکی سیاسی و مەدەنی، بەتایبەتی کە گەورە فەیلەسوفانی ئەو سەردەمە مێژووییە، لە بابەت جۆن لۆك (١٦٣٢-١٧٠٤ز) و مۆنتسکیۆ (١٦٨٩-١٧٥٥ز) و جان جاك رۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨ز) و زۆری تر، تێزو بانگەشەی فەلسەفیی کاریگەریان لەبارەی مافی سروشتیی مرۆڤ،

ئیرادەی گشتی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، خاوەندارێتی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و قەزا، بەرەنگاربوونەوەی فەرمانڕەوایانی ستەمکار، چەمکەکانی تری وەك ئازادیی سیاسی و باڵادەستیی گەل-ەوە بڵاوکردبووەوە و لە ڕێگەیانەوە هۆشیارییەکی کارای سیاسی و کۆمەڵایەتییان لەناو کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، چاندبوو.

لەلایەکی تر، بێگومان پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و ڕای گشتی، هەر بە تەنها لە ڕێوڕەسم و سروتی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەرجەستە نابێت، کە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ دەنگ و متمانە و ئیرادەی گەل لەبەرامبەر پارت و گروپە سیاسییەکان و دیاریکردنی فەرمانڕەوایانی وڵات، بەڵکو چەندین فۆرمی تری دەرکەوتنیشی هەیە، کە هەموویان پێکەوە، ئەم پەیوەندییە، تەواو و پتەو دەکەن، لەوانە:

- گشتپرسییەکان Referendums، کە تیایاندا گەل، ڕاستەوخۆ، بڕیار لە دۆزێك، یان قەیرانێك، یان بڕیارێکی دیاریکراو، یان هەلومەرجێکی چەقبەستوو، دەدات[1].

- ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری Mass Media، کە ئاراستە و بیروڕای هاووڵاتیانیان تێدا ڕەنگدەداتەوە، ئەوەش لە ڕێی پرۆگرامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، سینەما، ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و ژانرە میدیاییەکانەوە، وەك هەواڵەکان، وتار و تەوەرەکان، لێدوان و گفتوگۆ گشتییەکان.

١) وەك ریفراندۆمەکەی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا ((Brex-it لە ساڵی (٢٠١٦ز)، یان ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە سەربەخۆیی لە عێراق لە ٢٥ی ئەیلولی (٢٠١٧ز).

- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان Social Media، کە ئەمڕۆ بەشێکی فراوان و کاریگەرە لە شێوازە هاوچەرخەکانی پەیوەندیی نێوان ڕای گشتی و سیستەمی دیموکراسی، بەتایبەتی بەهۆی دەرکەوتنی دیاردەی ڕۆژنامەگەریی هاوولاتی Citizen journalism و بلاوبوونەوەی کۆمێنت و بیروڕای هاوولاتیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و هەشتاگ و کەمپینە جەماوەرییەکانی ناویان و کارلێکی یوزەرەکانی ئەو پلاتفۆرمانەوە لەگەڵ دۆزە چارەنووسساز و گشتییەکاندا، یان ئەو دۆسێیانەی کە ڕووداوی گەورە و تاوان و کارەسات لەخۆدەگرن و ویژدانی گشتی دەهەژێنن و لە سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە گوزارشتیان لێدەکرێت.

- ڕاپرسییە سەرتاسەرییەکان Opinion polls، کە زۆرجار سەنتەرەکانی توێژینەوە پێی هەڵدەستن[٢]، یان زانکۆکان (زانکۆکانی شیکاگۆ و میشیگان بە نموونە)، یان دامەزراوە حکومی و فەرمانگەکانی پلاندان و توێژینەوە، یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یان دەزگا بەناوبانگ و خاوەن پێگەکانی ڕاگەیاندن وەك نموونەی بی.بی.سی BBC بەریتانی و سی.ئێن. ئێن CNNی ئەمریکی.

- خۆپیشاندانە گەورە و کەرنەڤاڵییەکان، کە بۆ نمایشکردنی ڕای گشتیی جەماوەرن لە ئاست دۆز و ڕووداوێك، یان دۆسێ

٢ ) بۆ نموونە، وەك ناوەندی لێکۆڵینەوەی پیو Pew Research Center لە واشنتۆن، یان کۆمپانیا نێودەوڵەتیی و لۆکاڵییەکانی تایبەت بە ڕای گشتی وەك گالوپ Gallupی ئەمریکی و ئیپسۆس Ipsosای فەرەنسی و کانتار پەبلیك Kantar Publicی بەریتانی.

و پرسێکدا.[٣]

- هەڵوێستی پارتە سیاسییە جەماوەرییەکان، کە دەنگی زۆرینەی هاووڵاتیانیان بەدەستهێنابێت و خاوەنی دنیابینیی بن لە ئاست دۆزە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا و لەگەڵیدا لەلایەن میدیاکانەوە لایەنگیری و پاڵپشتییان بکرێت، یان خۆیان دەزگای ڕاگەیاندنی گەورە و کاریگەریان هەبێت.[٤]

- هەڵمەتە بەرفراوانەکانی ئیمزا کۆکردنەوە (Petitions) بۆ دۆزێك یان دۆسێیەکی دیاریکراو، کە بووبێتە جێی گرنگی پێدانی کۆمەڵگە، یان کۆمەڵێك چین و توێژی کۆمەڵایەتی[٥]

- بیروڕای هێز و گروپە چالاکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

---

٣) وەك نموونەی خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی (٢٠١٠ز-٢٠١٢ز) لەبەرامبەر ستەمی دەسەڵاتە عەرەبییە فەرمانڕەواکان و خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات-ی ٢٠١١ز و ڕۆژانی دواتر لە شارەکانی هەرێمی کوردستان لە دژی نادادپەوەری، لەسەر ئاستی جیهانیش خۆپیشاندانەکانی ویل ستریت-ی ویلایەتی نیویۆرك لە دژی نایەکسانی و گەندەڵی و کۆمپانیا پاوانکارەکان و خۆپیشاندانەکانی هێلەك زەردەکانی فەرەنسا Yellow Vest protests لە دژی باج و بەرزبوونەوەی نرخەکان و سەختبوونی گوزەران و ..هتد.

٤) وەك کەمپینەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ئەوروپا لە دژی ولاتانی داگیرکەری کوردستان و سیاسەتی نێودەولەتی، یان هەڵمەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پاڵپشتیکردنی بەشەکانی تری کوردستان، یان کۆمەك کۆکردنەوە بۆ بەرەکانی شەڕی دژبە داعش، یان بەهاناوەچوونی هاووڵاتیانی هەرێم لەکاتی کارەساتە سروشتییەکاندا ..هتد..

٥) بۆ نموونە وەك هەڵمەتی داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠٠٥ز- دا لەگەڵ دەنگدان بۆ دەستوری هەمیشەیی عیراق بەڕێوەچوو، یان ئیمزا کۆکردنەوە بۆ ئازادکردنی سەرکردەو تێکۆشەرانی سیاسیی باکوری کوردستان. لەسەر ئاستی جیهانیش هەڵمەتەکانی وەك (یاساکە رابگرن/ Stop SOPA / PIPAی ساڵی ٢٠١٢ز کە دژبە کۆمەڵێك یاسای ئەمریکیی تایبەت بە کۆتوبەندکردنی ئەنتەرنێت بوو و گەورە کۆمپانیاکانی وەك گوگڵ و ویکیپیدیا-ی لەپشت بوو.

و چەندین میکانیزم و چوارچێوەی دیکەش، کە لە فۆرم و سروت و مانفێستی جیاجیادا، دەبنە دەربڕی پەیوەندیی ئۆرگانیی نێوان سیستەمی دیموکراسی و ڕای گشتی.

بە پێچەوانەی هەموو ئەو سەرچاوانەی دروستکردنی ڕای گشتی لە کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا، لە سیستەمە نادیموکراتەکاندا، ئەم پەیوەندییە ئۆرگانی و بەهێزە، کە دیاردەی ڕای گشتی و سیستەمێکی سیاسیی وەك دیموکراسی بەیەکەوە گرێ دەدات، نەك هەر بوونی نییە، بەڵکو تەواو پێچەوانەشە.

ڕای گشتی لە سیستەمە تۆتالیتێرەکاندا، بە ئاشکرا، دیاردە و نمایشێکی کارتۆنییە، گەمەیەکی فریودەرانەی دەوڵەت و سەرۆکە دیکتاتۆرەکانە. ڕای گشتی، زۆرجار لەناو تەونێکی دیاریکراو لە پەیوەندییەکانی هێز ((Power Relations و تۆڕێك لە دیسکۆرس و بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژیی ستەمگەرادا، نەك هەر ونده‌کرێت و دەخنکێنرێت، بەڵکو هەندێجار دەبێتە مەهزەلە و جێی پێکەنین و نوکتە و حیکایەتی کۆمێدییش!.

بۆ نموونە، لە عیراقی سەردەمی بەعسدا (١٩٦٨-٢٠٠٣ز)، کە پێکهێنەر و داینەمۆی ڕژێمێکی دیکاتۆری بوو لە وڵاتدا و بەبۆنەیەوە کۆمەڵگە لە کۆی کایەکانی ژیانی گشتیدا بێ ئیرادە و بڕیار کرابوو، دروشمێکی هەرە باو، کە سوکایەتییەکی کەم وێنە بوو بە بەها و کۆنسپیتێکی وەك ڕای گشتی، دروشمی: (إذا قال صدام، قال عیراق) بووا!.

ئەو دروشمە، بە ئاشکرا، دوور و نزیك، ئاماژە نەبوو بۆ متمانەی نێوان هاووڵاتی و سەرۆك، گوزارشت نەبوو لە

کارلێکی سەربەستانەی دەوڵەت و کۆمەڵگە، بەڵکو مانا هەرە زەق و ڕاستەوخۆکەی، زۆر بە سادەیی، ئەوەبوو کە سەرۆکی وڵات هەر خۆی ڕوحی کۆمەڵگەیە!، لێرەوە، هەرچییەکی وت، هەر بڕیارێکی دا، هەر هەڵوێستێکی هەبوو، هەر ئەوە دوا قسەو بڕیارو دوا هەڵوێستی هەموو عێراقییەکانە!، ئیتر بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ میکانیزم و پرۆسەیەکی ڕاوەرگرتن و گشتپرسی و گەڕانەوە بۆ خودی کۆمەڵگە خۆی ..!،

ئەم نموونەیە لە پەیوەندیی میکانیکی و سەپێنراو، کە تیایدا کۆمەڵگە دەکرێتە بورغوویەکی بچووکی ناو ماشێنی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت و سەرۆك، بەڵگەیەکی ڕوونە کە ڕای گشتی هیچ پێگەیەکی لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا نییە. لەناو گەمەی ئەم سیستەمانەدا، هاووڵاتیان تەنها مافی قبوڵکردن وتنەوەی ئەوەیان هەیە کە دەوڵەت و سەرۆك دەستنیشانی دەکەن. واقعی عیراق خۆی، لە دەورانی فەرمانڕەوایی بەعسدا، گەواهییەکی ڕوون و بەڵگەنەویستە بۆ ئەم فاکتە سیاسی و کۆمەڵگەییە.

لەو دەورانەدا، هەموو بیرمانە کە ٧٠٪ی گەلانی عێراق، لە هەردوو پێکهاتەی شیعە و کورد و بەشێك لە پێکهاتەی سوننەکان و کەمە ئاینی و نەتەوایەتییەکانی تریش، نەك هەر هیچ بەشدارییەکی ئازادانەیان لە کۆمەڵگای سیاسیی عیراقدا نەبوو کە دەوڵەت و حزبی بەعس کۆنترۆڵیان کردبوو، بەڵکو بەشێکی بەرچاویشیان، بە هۆی ستەمی دەوڵەت و تاکڕەوی بەعس و سەرۆکەکەیەوە، یان ئەوەبوو لەو ڕژێمە یاخی بوون و ببوونە تاك و گروپی بەرهەڵستکار، یان لە زیندانەکاندا

تەنرابوون، یان کوژرابوون، یان لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێرییەکی وردی ئەوتۆی دامەزراوە سەرکووتکەرەکانیدا بوون کە هیچ ماف و دەرفەتێکی دەربڕینی بیروڕاو تێڕوانینی جیاواز و پێچەوانەیان لە دەوڵەت و سەرۆك نەبێت، چ جای ببنە خاوەنی دامو دەزگای ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆی خۆیان و لە ئاست ئەو دۆز و دۆسێیانەدا کە عیراق، چ وەك دەوڵەت و چ وەك کۆمەڵگەش، ڕووبەڕوویان دەبووەوە، ڕایەکی گشتیی بنوێنن و بەرجەستە بکەن !.

بێگومان هەر ئەو واقعە لە نموونەی عێراقی دەورانی بەعسدا، بە فۆرم و ئەزموون و مێژووی جیاواز، ئاوێنەی واقعی حاڵی تەواوی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی تریشە کە لە جیهاندا هەبوون و هەن. لەسایەی ئەو ڕژێمە سیاسییانەدا، هیچ دەلاقەیەکی ڕاستەقینە نامێنێتەوە کە تیایدا ڕای گشتی، بتوانێت، ئازادانەو ڕۆشنگەرانە، گوزارشت لەخۆی بکات، وەك دیاردەیەکی سیاسی و مەدەنییش ببێتە هۆکارێك لە هۆکارەکانی بوژاندنەوەی ژیانی دیموکراسی، یان پێشخستنی هەر سیستەمێکی سیاسی کە ڕێز لە لانیکەمی ئیرادەو ڕای گشتیی هاووڵاتیان بگرێت و لە سیاسەت و بڕیار و هەڵوێستەکانی دەوڵەتدا ڕەنگبداتەوە.

بە مانایەکی ڕوونتر، لەگەڵ بابەتی ڕای گشتیدا، ئەگەر گفتوگۆ و مشتومڕێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە و دوور لە فریودانی سیاسی لەبارەی ئەم کۆنسێپتەوە بەدی بکرێت، ئەگەر ڕای گشتی جێگایەکی دیاریکراوی لە فەزای گشتی Public Space و لە ئاراستەکردنی سیستەمی سیاسی و

بڕیارو بژاردەکانی و پرۆژە و سیاسەتە گشتییەکانیدا هەبێت، ئەوا تەنها دەشێت لە سیستەمە دیموکرات و لیبراڵ و سۆشیاڵ دیموکراتەکاندا مومکین بێت، هەر لە ئەزموونی ئەو کۆمەڵگە مرۆییانەدا سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات کە باکگراوندێکی مێژوویی و دامەزراوەییان لە نرخاندن و بەهابەخشین بەم کۆنسێپتە هەیە، لەو دەوڵەتانەدا پەیڕەو دەکرێت کە ڕای گشتی وەك بەشێکی جیانەکراوە لە پێویستییەکانی سیستەمێکی کراوەی فەرمانڕەوایی لە قەڵەم بدەن، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێمە بە دەگمەن نەبێت نابینین دیاردەکە لە کۆمەڵگاکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و تەواوی ئەو ولاّتانەشدا جێی ببێتەوە کە کەلەپورێکی دێرینیان لە بەڕێوەبردنی دیموکراسیدا نییە، یان بەشێك نین لەو تایپانەی سیستەمی سیاسی کە ڕای گشتی وەك ئۆکسجینێکی میللی و وەك پێکهاتەییەکی سەرەکیی سیستەمەکە دەبینن و لە پێناویدا ململانێ و جوڵەی (حراك) سیاسیی گەورە بەرپا دەکەن.

جگە لەوانە، بێگومان دیاردەی ڕای گشتی، تەنانەت بەمانا دیموکرات و ئازاد و ڕۆشنگەرەکەشی، بە ئاسانی و لە بۆشاییەوە دروست نابێت. کێشەی دەرکەوتن و ئامادەگیی ئەم بەها مۆدێرنە هەر لەگەڵ ڕژێمە ستەمگەرەکاندا نییە. ئێمە دەبێت بیرمان بکەوێتەوە کە ڕای گشتی، پێش هەر شتێك هەلومەرجی سیاسی و کولتوری و ئابووری و یاسایی دڵخوازی خۆی دەوێت، بەندە بە پابەندبوونی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بەو پرەنسیپ و ماف و ئازادییانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی هاوولاّتیان، بەبێ لەخشتەبردنیان، بەبێ شاردنەوەی ڕاستییەکان لێیان،

دەستیان بە زانیاری و زانینی دروست و پێویست لەبارەی دۆز و ڕووداوەکانەوە بگات، بەهۆی ئەوەشەوە ببنە خاوەنی بیروڕای خۆیان و ئازادانەش گوزارشتی لێ بکەن.

لەوەش گرنگتر، ئەو چوارچێوە و سەرچاوە و بکەرانەش کە دەتوانن ببنە هێزی دروستکردن و وروژاندنی ڕای گشتی، بە مۆراڵ و بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە بکەن، خەمی تەواوی جڤاتیان هەبێت و بەلارێیدا نەبن، یان بە عەقڵێکی ئامرازگەرا Instrumental reason[٦] هەڵوێست وەرنەگرن و تەنها پەرۆشی بەرژەوەندییەکانی گروپ و چینی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو نەبن، کارێك کە بێگومان گرەنتیکردنی لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگە دیموکراتەکانیشدا، کە دەرفەتی کێبەرکێ و بۆڕبۆڕین بە گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەدەن، تا ڕادەیەك دژوارە، یان بەبێ هاندان و تیکۆشان و ململانێ نایەتەدی، بەتایبەتی کە لە کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا، لە ڕووی سیاسییەوە، دیاردەی پلۆرالیزم هەیە و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مەدەنییەوە جەمسەرگیریی زۆر و زەوەند و لە ڕووی ئابووریشەوە ئازادیی بازاڕ، دۆخێك کە بێ شك بەرژەوەندیی جیاواز و بەریەککەوتووی زۆری تێدایە و بەهۆیەوە ڕای گشتی دابەش دەبێت و بە ئاسانی ڕوونادات.

بە دەستەواژەیەکی ڕاشکاوتر، ڕای گشتی تەنانەت لە سیستەمە دیموکراتەکانیشدا بێ کێشە و کەموکوڕی نییە،

---

٦) ئەم عەقڵە، وەك لای ماکس هۆرکهایمەر و زۆر فەیلەسوفی تری قوتابخانەی فرانکفۆرت دەیبینینەوە، ئەو تایپەیە لە عەقڵ کە هەموو هەوڵی ئەوەیە خەون و ئامانجەکانی بەدی بهێنێت ئیتر تاچەند چاکەی گشتیی تێدایە و مۆراڵ و دادپەروەریی ڕەچاو کردووە، پرسیارێکی لاوەکییە.

بەدوور نییە لە ئاڵەنگاری و ململانێ گەورە بۆ جڵەوکردن و ئاڕاستەکردنی. هەر بۆیە کاتێك ئەو دوو بەشە لە کتێبی (الإعلام و صناعة العقول – التلفزيون نموذجا)ی بەڕێز د.نەسمە ئەلبەتریق[٧]-م خوێندەوە، کە بەشی یەکەمیان تایبەت بوو بە (چەمکی ڕای گشتی لە کۆن و نوێدا) و بەشی دووەمیشیان (ڕۆڵی تەوەرییانەی تەلەفزیۆن لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا)، هەر زوو درکمان بە هۆکاری پشت ئەو دیدە ڕەخنەییە گشتگیرە کرد، کە هەم لە بارەی ئەزموونی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و جیهانی سێوە هەیەتی سەبارەت بە دۆخی ڕای گشتی و ئەو هەلومەرجانەی کە لەم بوارەدا ڕاگەیاندنەکان و بە دیاریکراویش تەلەفزیۆنی تێدان، هەم لە بارەی ئەزموونی وڵاتە دیموکراتەکانی ڕۆژئاواش، کە زلهێز و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانیان Multinational corporations دەستیان بەسەر خاوەندارێتیی بەشێکی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەو ڕووناکبیریدا گرتووە، بگرە بوونەتە هۆی پاوانکردنی زانین و زانیارییەکان و یاریکردن بە ڕاستی و واقعی ڕووداوەکان، بەهۆی ئەوەشەوە جڵەوکردن و ئاراستەکردنی ڕای گشتیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆیی لە پێناوی بەرژەوەندییە ستراتیژی و ئابوورییەکاندا.

د.نەسمە، لەو کتێبە و بە دیاریکراویش لەو دوو بەشەیدا کە ئاماژەمان بۆ کردن، زیاتر گرنگی داوە بە یەکێك لە سەرچاوە کاریگەرەکانی دروستکردنی ڕای گشتی، کە بریتییە لە دەزگاکانی

---

٧) د.نەسمە ئەلبەتریق، پرۆفیسۆرێکی دیاری بواری ماسمیدیای جیهانی عەرەبی و وڵاتی میسرە، مامۆستایە لە بەشی ئێزگە و تەلەفزیۆن لە کۆلێژی ڕاگەیاندن-ی زانکۆی قاهیرە، خاوەن دەیان توێژینەوەی زانستی و چەند کتێبێکی بەسوودە لە بواری زانستی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی-دا.

ڕاگەیاندن، لەناو ئامرازە جیاجیاکانی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنیشدا، تیشکی خستۆسەر ڕۆڵی تەلەفزیۆن کە بواری پسپۆریی وردی خۆیەتی.

لەم ڕووەوە، توێژەر زانیاری زۆر و بەسوودی لەبارەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵیان لە دروستکردنی ڕای گشتیدا خستۆتەڕوو، بەتایبەتی کە یەکێك لە ئەرکە تراديشناڵەکانی ڕاگەیاندن بە میدیای پەخشکاریشەوە Broadcast media هەر خۆی بریتییە لە دروستکردنی ڕای گشتی، کە بێگومان خودی ئەم ئەرکە دەوەستێتە سەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تریش لە میدیا، لەوانە: گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری بۆ وەرگر، شیکردنەوەی ڕووداو و پەرەسەندنەکان Analysis، ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوە، هەندێجاریش پڕوپاگەندە Propaganda و بانگەشە، لە هەمووشیان گرنگتر ئەرکی قایلکردن Persuasion، کە بنەمایەکی سەرەکیی دروستکردنی بیروڕا و هەڵوێستە لای بەرکەوتووانی پەیامە میدیاییەکان.

نوسەری کتێب، بە وردی چۆتە سەر پەیوەندیی میدیا و سیستەمە دیموکراتە نوێیەکان، میدیا و ئەرکە تراديشناڵەکانی، میدیا و سەردەمی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت، میدیا و سیستەمەکانی ڕاگەیاندن و ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانانەی کە لەو بوارانەدا ڕوودەدەن و کاریگەرییان لەسەر شێواز و تایپی پێکهاتن و دروستبوونی ڕای گشتی هەیە.

لە ڕووی مێژووییەوە، توێژەری کتێب دەچێتە لای هەندێ فەیلەسوفی یۆنانی و باس لە ڕای گشتی دەکات بەو

چەمکە تایبەتییەی کە لە سەردەمی گریك و ئیمبراتۆرییەتی ڕۆمانیدا هەبووە، ڕۆڵی ڕەوانبێژی و گوتاربێژیمان بیر دەخاتەوە، بەتایبەتی لە پرۆسەکانی کۆمەنیکەیشن و گواستنەوەی هەواڵ و ڕاستییەکان بۆ جەماوەر، دواتر سەیرکردنی چەمکی شورا وەك بنەمایەکی فراوانکردنی بازنەی بەشداریی سیاسی و بایەخدان بە ڕای گشتی.

هەروەها ڕاوەستان لەسەر گرنگیی زمان و تایبەتمەندییەکانی، زانست و زانین، هزر و لۆژیك، ئازادیی ڕادەربڕین و ئاخاوتن، دیاردەی دیالۆگ و مشتومڕ، بینینی کۆی ئەم کۆد و پێدراوانەش وەك کۆمەڵێك هۆکاری پشتپێبەستراوی مێژووی دێرینی مرۆڤایەتی لە دروستکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و یەکهەڵوێستیدا لەناو جەماوەر و لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا.

پاشان تیشك خستنەسەر ڕۆڵی ئەم کەلەپورە سیاسی و کۆمەڵگەییە لەسەر گەشەی بیری ئەوروپی، بەتایبەتیش لەسەدەی ١٥ و لەدوای ڕووداوی داهێنانی چاپخانە و بە جەماوەریکردنی پەیوەندیی نوسراو و چاپکراو و زیادبوونی خوێندەواری و خوێندەواران، لەگەڵیدا ڕۆڵی بڵاوبوونەوەی زیاتری تێزو بەرهەمە فکری و فەلسەفییەکانی بیرمەند و فەیلەسوفان لەبارەی ئازادیی ڕادەربڕین و مافی سروشتیی مرۆڤ و مافی دەنگدان و ڕەنگدانەوەی ئەو تێز و بەرهەمانەش لە داڕشتنەوەی دەستور و یاساکانی دەوڵەتی مۆدێرن و دیموکراسیدا، دەوڵەتێك کە دەبێتە وابەستەی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەچاوکردنی مافی هاوڵاتیان و بەشدارییان لە دیاریکردنی سیستەمی

........................................................

حوکمڕانی و هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی سیاسی و ئاراستەکردنی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتەکانیدا.

د.نەسمە، لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە توانای ڕاگەیاندن و ئامرازە جیاجیاکانی دەکات لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا، ئەم توانایەش گرێدەداتەوە بە واقعی کۆمەڵگە و سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەیەوە. ئەو لەم بوارەدا، تاڕادەیەکی زۆر، دیدێکی بونیادگەرانەی بۆ میدیا هەیە، میدیا وەك یەکەیەك دەبینێت لەناو ستراکتۆرێکی گەورەتردا کە ستراکتۆری کۆمەڵگە و سیستەمە جیاجیاکانێتی، لێرەوە سیستەمەکانی ڕاگەیاندن-یش، کە کۆنترۆڵی شێواز و بوار و ئامانج و خاوەندارێتیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەن، وەك فاکتەرێکی بنەڕەتیی ناو ئەو ستراکتۆرەی دادەنێت کە دەستنیشانی ئازادیی کارکردن و پێگەو ڕۆڵ و کاریگەریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکات وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوە دیارەکانی پێکهێنانی ڕای گشتی.

لەم ڕوانگەیەوە، ئاشکرایە کە هەم واقع و هەلومەرجی باو، هەم هەر گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێکی گەورەی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتوری، تەکنەلۆژی، کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا دێنە ئاراوە، کەم و زۆر، کاریگەری خۆیان لەسەر سیستەمی ڕاگەیاندن-یش بەجێدەهێڵێن. ئەمەش لە سادەترین شرۆڤەدا، بەو مانایەیە کە سیستەمی ڕاگەیاندن یەکەیەکی سەربەخۆ نییە لەناو ستراکتۆری کۆمەڵگەدا، تەنێکی دابڕاو نییە لە پەیکەری گشتیی ئەو ژینگەیەی کە تێدایە.

لەم ڕووەوە، ڕاستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامرازن و

لەم سەردەمە پێشکەوتووەی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندنیشدا دەتوانرێت کاریگەریی بەرچاو لەسەر کۆمەڵگە دروست بکەن و ڕای گشتی- یش بەرپا بکەن، بەڵام ئەم ڕاستییە ڕەها نییە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەرەستە و ئامێری بێ روح نین، هێزی مرۆیی و خاوەندار و پارەدارکاری Funder خۆیان هەیە کە بەپێی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان جڵەو ئاراستەیان دەکەن، بەتایبەتی کاتێك بزانین کە سیستەمی ڕاگەیاندن-یش لەولاوە، لەهەر وڵاتێکدا بێت، وەك چوارچێوەیەکی فکری و دامەزراوەیی و یاسایی و دیسپلینکار، لەژێر جەبریستراکتۆرێکی گەورەتردایە، کە ستراکتۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتوری و تەکنەلۆژیی وڵاتە. ئەو ستراکتۆرانە، کە گوزارشت لە تایبەتمەندێتی و کەلەپورو شارستانییەتی کۆمەڵگاکان دەکەن، ئەوانن دەستنیشانی دەکەن کە ئاخۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، یان هەر چالاکییەکی تری کۆمەڵایەتی دەتوانن و ئازادن کە بە ئەرکە ئاساییەکانی سەرشانی خۆیان هەڵبستن، یان نا، بە ئەرکی پێکهێنانی ڕای گشتیشەوە.

لەم ڕووەوە، ناتوانرێت لە سایەی سیستەمێکی سیاسیی داخراو، یان دەسەڵاتخوازدا، یان ئایدیۆلۆژیست و پاوانکاری خاوەندارێتیی دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، سیستەمێکی ڕاگەیاندنی نۆرماڵ و بەرپرسیار هەبێت بە مانا پیشەییەکەی، ناکرێت چاوەڕێی سیستەمێکی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆم و کراوە بکرێت، کە یاسا و ڕێسای لیبراڵ و پێشکەوتووی بۆ کاری میدیاکان و ڕێکخستنی کاروباریان هەبێت، یان دامەزراوەو بکەرانی پەیوەندیداری بواری ڕاگەیاندن لە پەیوەندییەکی کارلێککار

و بەرهەمداردا بن لەگەڵ دەوڵەت و جەماوەر و سێکتەرە جیاجیاکانی وڵات، ناوەڕۆکەکانی میدیاش Media content لەژێر سانسۆری وردی دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا نەبن.

لە هەلومەرج و واقعێکی وەهادا، ئەستەمە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ببنە خاوەنی مافی ڕەوای بڵاوکردنەوە و ئازادیی ڕادەربڕین، یان گفتوگۆ و مشتومڕ، یان کولتوری ڕەچاوکردنی ڕاو ڕای ئەویتر و ڕەخنەگرتن لە ئاست ئەو دیاردە و ڕووداوە سیاسییانەی کە دەوڵەت و دەسەڵاتداران، یان بزنسمانان و خاوەن کۆمپانیا زەبەلاحەکان، یان چینە کۆمەڵایەتییە خاوەن نفوز و دەستڕۆیشتووەکان، لێیان بەرپرسیارن.

کاتێك کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەناو سیستەمێکی ڕاگەیاندنی وەهادا بن کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتێکی داخراو و دەسەڵاتخوازدا بێت، یان لە سایەی باڵادەستیی کۆمەڵێك کۆمپانیای فرەڕەگەز و نێودەوڵەتیدا ئیش بکات، ئەوا پرۆسە و میکانیزمەکانی پێکهێنانی ڕای گشتی-یش کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەو زانیاری و ڕووداو و ڕاستییانەی کە لە وڵاتان و جیهاندا دەگوزەرێن، وەکو خۆیان، ڕووماڵ ناکرێن و ناگوێزرێنەوە، کە مومکینە بە گواستنەوەیان ڕایەکی گشتیی ڕۆشنگەر و ئازاد بوروژێت، ئیتر لەسەر ئاستی ناوخۆ بێت یان جیهان، بەتایبەتی لەو دۆسێیانەی کە چارەنووسسازن، یان ئەو کەیسانەی کە پەیوەندییان بە مافی مرۆڤ و ئازادی و دادپەوەرییەوە هەیە. لە بەرامبەردا تەنها ئەو فۆرمانە لە (ڕای گشتی) نمایش دەبن و بەدەر دەکەون کە بە بڕیار و فەرمانی دەوڵەت و دەسەڵاتداران و لە بەرژەوەندیی پێگەو شکۆی

ئەوان بشکێنەوە، یان ببنە هۆی زیادکردن و کەڵەکەکردنی قازانجی زیاتر بۆ کۆمپانیا بازرگانییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆییەکان، نەك بەرژەوەندیی باڵای وڵات و کۆمەڵگە و چین و توێژە جیاجیاکانی.

لە بەشێکی تری کتێبەکەیدا، د.نەسمە، هەر لە چوارچێوەی دیدە پێکهاتەیی/ستراکتۆرییەکەیدا Structural vision بۆ میدیا و ڕای گشتی، باس لە کاریگەریی میدیای ئەلکترۆنی و تەکنەلۆژیای ئەنتەرنێت دەکات لە گۆڕینی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کولتوریدا. پێی وایە ئەم تایپە نوێیە لە میدیا، کە ڕەهەندێکی گڵۆباڵی هەیە و میدیایەکی جەماوەری کیشوەربڕی بەرپا کردووە کە لە بواری ڕاگەیاندن و کۆمەنیکەیشندا پشت بە تەکنەلۆژیای مانگە دەستکردەکان دەبەستێت، چەند بووبێتە هۆی والاکردنی بازاڕی بیروباوەڕەکان لەبەردەم هەمووواندا، چەند یارمەتیدەر بووبێت بۆ دیموکراتیزەکردنی تریبۆنەکانی میدیا لە فۆرمە سۆشیال میدیاکەیدا، دە هێندە بۆتە هۆی باڵادەستیی زیاتری زلهێزە گەورەکان و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان بەسەر دنیای کاری ڕاگەیاندندا لەسەرتاسەری جیهان.

لەم ڕووەوە، ئارگیۆمێنتی نوسەری کتێب ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەوانن داهێنەر و بەکارهێنەری نوێترین تەکنەلۆژیای زانیاری و میدیان، ئەوانن خاوەندارێتی لە دەزگا میدیاییە زەبەلاحەکانی جیهان دەکەن، هەر خۆیشیانن سیاسەتی بڵاوکردنەوەو ڕوماڵکردن و گەیاندن، گەمەکانی پاوانکردنی زانیاری و ڕووداو و ڕاستییەکان و واقعی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕێوە دەبەن، هەر لەبەر ئەوە، شتێکی چاوەڕوانکراوە کە هەر خودی

خۆشیان کۆنترۆڵی ڕای گشتیی جیهانیی بکەن.

بە مانایەکی روونتر، نوسەر دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئەوەی لەگەڵ ئەم فاکتەدا ڕای گشتیی جڵەو و ئاراستە دەکات، بریتییە لە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییە سیاسی و ئابوری و ستراتیژییەکان، بەوەش ڕای گشتی، نە بە چەمکە لاتینی و رۆمانییەکەی، نە بە دەلالەتە ئیسلامی و ڕۆشنگەرەکەی، بوونی نەماوە.

لە ڕوانگەی د.نەسمە و زۆر توێژەری تریشەوە، گرنگیی ڕای گشتی، وەك چەمك و وەك زاراوەش، بە پلەی یەکەم، لە سەدەی ١٨ و ١٩دا بەرجەستە بووە، ئەوەش بەهۆی رۆژنامەگەری و بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانەوە، کە زادەی ئاڵوگۆڕ و شۆڕشە سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی و پیشەسازییەکان بوون. پێش و دوای ئەو دەورانە مێژووییە، ڕای گشتی وەك دیاردە و ڕیتواڵێکی بەهێزی ژیانی دیموکراتی بوونی نییەو نەبووە، یان پاشەکشەی کردووە، یان لانیکەم، تا رادەیەك، بەهاو کاریگەریی لەدەستداوە، ڕەنگە بێ ئاکامیی خۆپیشاندانە ملیۆنییە گەورەکانی دژ بە جەنگی دووەمی کەنداو لە نیویۆرك و لەندەن و ڕۆما و مەدرید و پاریس (شوباتی ٢٠٠٣ز)، هەروا لە دژی جەنگی غەززە (٢٠٢٣ز)، جەنگی ئێران – ئیسرائیل (٢٠٢٦ز) و لە دژی زۆر تەنگژەو دیاردەو قەیرانی تری نێودەوڵەتیی کە یەك سەدەیە لە دۆزی وزە، هەژاری، بێکاری، برسێتی، نادادپەروەری، تەندروستی، پیسبوونی ژینگە و هتد.. هەن، هەر هەموو ئاماژەگەلێکی ڕوون بن بۆ سەلماندنی ئەو فاکتەی کە ڕای

..........................................................

گشتیی جیهانی – بەداخەوە – کاریگەریی نەماوە، زۆر واقعیشی پێ ناگۆڕدرێت، ناڕەزاییە کۆمەڵگەییەکان لەوە کەوتوون بتوانن زۆرێك لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، یان سیاسەتی زلهێزەکان، یان تەماحی کۆمپانیا زەبەلاحەکان ڕابگرن.

لە دیدی ئێمەدا، گرنگییەکی تری ئەم کتێبە کە ئەو دوو بەشەی لە بارەی میدیا بەگشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەتی و لەسەر ڕای گشتی لە خۆ گرتووە، لەوەدایە کە لەیەککاتدا هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و دنیای عەرەبی و ئیسلامیمان بیر دەخاتەوە کە چۆن و چ کاریگەرییەکیان لەسەر میدیاکان و بەهایەکی دیموکراسیی کەم وێنەی وەك ڕای گشتی هەیە.

جگە لەوە، چڕبوونەوەی زانستییانەی نوسەری کتێبەکە لە پێناسەکردنی ڕای گشتی و ڕەگەزەکانی، مەرجە بابەتییەکانی دروستبوونی ڕای گشتی، کارلێکی نێوان ناوەڕۆکە میدیاییەکان و جەماوەر، دابەشبوونی وەرگری پەیامە میدیاییەکان بەسەر بیروڕای جیاواز و ڕای گشتیی جیاجیادا، دیاردەی ڕای گشتیی کاراو ڕای گشتیی بێدەنگ، ئەو قۆناغە مێژووییانەی کە تیایدا ڕای گشتی گەشە یان پاشەکشەی بەخۆوە دیوە، ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانەی کە تیۆریزەیان کردووەو پاڵپشتیی بوون، ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژی و زانستییانەی کە لە بەرژەوەندیی وڵاتانی خاوەن میدیا گەورەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکاندا پیشەسازیی ڕای گشتی و دیاردەکەیان لە قاڵب داوە، سوودێکی زۆری بۆ خوێنەری کوردی هەیە.

هەروەها دەستنیشانکردنی وردی سیستمە میدیاییە کراوەکان، کە زادەی کۆمەڵگە پیشەسازی و مۆدێرنەکانن

لە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی و، سیستەمە میدیاییە داخراوەکان، کە بەرهەمی کۆتوبەندەکانی خاوەندارێتی و دیاردەی نەخوێندەواری و چەقبەستنن و ڕۆڵی هەریەکەیان لە ئاراستەکردنی میدیاکان و دروستکردنی ڕای گشتیدا، کارێکی ئێجگار بەسوودە. لەوەش زیاتر ڕوونکردنەوەی کۆنسێپتەکانی وەك سیستەمی میدیایی سێنتراڵ کە وابەستەی کەرتی گشتییە و سیستمی میدیایی ناسێنترتاڵ کە پەیوەستە بە کەرتی تایبەتەوە و کاریگەریی هەریەکەشیان لەسەر شێواز و تایپی کارکردن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەزگا میدیاییەکان کە دیارترین ئەرکیان دروستکردنی ڕای گشتییە، هەوڵێکی سەرنجڕاکێش و جێی بایەخە و خوێنەر بە پرس و بابەتی نوێ و کۆمەڵێك زانیاری و بیروڕای زانستی، ئاشنا دەکات.

هەر بەو پێیەی سامپڵی نوسەری کتێب لە بارەی پەیوەندیی نێوان میدیاکان و ڕای گشتی و چۆنیەتی پێکهاتن و دروستکردنی ئەم دیاردەیە، بریتییە لە ئامرازێکی کاریگەری وەك تەلەفزیون، دەبینین کە تایبەتمەندییەکانی تەلەفزیۆنی، وەك هۆیەکی سەرەکی و خێرا لە گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکاندا، بە وردی و زانیارییەکی ئەکادیمیی زۆرەوە شرۆڤە کردووە، هاوکات گرنگیی وێنەی تەلەفزیۆنیمان بیر دەخاتەوە، ئەو جۆشدانە سۆزداری و هەست بزوێنانەش دیاری دەکات کە لەگەڵ هەواڵی تەلەفزیۆنیدا دروست دەبن و بایەخی بابەتەکان لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا ڕوون دەکەنەوە، پاشان کاریگەریی وشە وەك هێزێکی سەرەکی مانا بەخشین

.........................................................................

بە وێنە تەلەفزیۆنییەکان و دیمەن و گرتە ڤیدیۆییەکان و ئاسەواری هەموو ئەمانەش لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا.

بە گشتی، ئەم کتێبە و بە دیاریکراویش ئەو دوو بەشەی کە جێی بایەخی ئەم پێشەکییەی ئێمەیە، بەرهەمێکی دانسقەیە، ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێنەریش بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیای بینراو و دیاردەی ڕای گشتی فراوان دەکات، وەرگێڕانیشی لەلایەن نوسەر و وەرگێڕ، بەڕێز (ئاوات محەمەد ئەمین)ەوە بۆ سەر زمانی کوردی، دەیکاتە سەرچاوەیەکی زانستی، هەرچی بۆردی هۆشیارییە کە ئەرکی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گرتۆتە ئەستۆ، ئەوا بەهۆیەوە خزمەتێك نەك تەنها بە خوێنەری کوردی دەکات بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو خوێندکارانی زانکۆ و توێژەرانی تریش بە بەرهەمێك بەهرەمەند دەکات کە نزیککارییەکی زانستی و ئەکادیمییە بۆ بابەتێکی هاوچەرخ و جێی بایەخ و گفتوگۆ.

**د.عەدالەت عەبدوڵڵا**

**هاوینی ٢٠٢٦**

## ڕوونکردنەوە

ئەم نامیلکەیە (چەمکی ڕای گشتی لە کۆن و نوێدا) وەرگێڕانی فەسڵی یەکەمی کتێبی (الاعلام وصناعة العقول - د. نسمة البطريق - الطبعة الاولى - القاهرة - ٢٠٠٧ ص ٩- ٤٧) ـە. لەبەر گرنگی بابەتەکە بەپێویست زانرا لە چوار چێوەی زنجیرە نامیلکەی (هۆشیاریی حزبیدا) بەزمانی کوردی چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

# چەمکی ڕای گشتی لە کۆن و نوێدا

**د. نەسمە ئەلبەتریق**
**وەرگێڕان: ئاوات محمد ئەمین**
**پێشەکی: د. عەدالەت عەبدوڵڵا**

# چەمکی ڕای گشتی لە کۆن ونوێدا[٨]

## یەکەم:

## ڕوانینێکی مێژوویی

گومان لەوەدا نیە کە لێکۆڵینەوە لە ڕای گشتی و پەیوەندی بە میدیا (هۆیەکانی ڕاگەیاندن) و زانینە جیاجیاکانەوە دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوە گرنگەکانەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی نوێدا، سەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی گەورە لە بوارەکانی درووستکردنی میدیا و گواستنەوەی زانیاریدا. هەروەها بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە پێشکەوتنی گەورە لە بوارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و درووستکردن و داڕشتنی بە مەبەستی گەیشتن بە چەندین ئامانجی جیاجیای ئابووری و سیاسی و کلتووری، بگرە ستراتیجی و دەروونی بەتایبەتی لەکاتی جەنگی دەروونیدا چ جەنگی سارد بێت یا گەرم.

لە سیستمە دیموکراسییە نوێیەکاندا، پێکهێنانی ڕای گشتی لە گرنگترین ئەرکە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی میدیا جیاوازەکانە، بەڵکو دەتوانین بڵێین: پێکهێنانی ڕای گشتی لە گرنگترین ئامانجە کردارییەکانی میدیایە. لە پێناو بەدیهێنانی

٨) سەرچاوە: الموسوعة السياسية للشباب - الاعلام وصناعة العقول - د. بسمة البطريق - وەرگێڕانی: ئاوات محەمەد ئەمین

ئەم ئامانجانە، لە ئەمڕۆدا بە جۆرێک لە ناوەڕۆکی میدیایی و چۆنییەتی داڕشتن و ئامادەکردنی ڕۆژنامەگەری نووسراو و بەرنامە جیاوازەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و هۆکارە ئەلەکترۆنییە نوێیەکان دەڕوانرێت بەوەی کە گرنگترین ڕەگەزە لە نێو ڕەگەزەکانی پێکهێنانی ڕای گشتی لەسەر ئاستی بەرتەسکی ناوخۆیی و ئاستی بەرفراوانی نێوەدەوڵەتیدا.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە پێکهێنانی ڕای گشتی پرۆسەیەکی فرە مەودا و فرە ئامانجە کە توانا و هێزەکەی لە توانای پرۆسەی ڕاگەیاندندا دەردەکەوێت لەڕووی کارتێکردن و بڕوا پێهێنانەوە. لە کۆمەڵگە دیموکراسییە نوێیەکاندا میدیا بە گرنگترین هۆکار لە هۆکارەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی گرنگترین ئامرازەکانی دایەلۆگی سیاسییە لەنێوان توێژ و کۆمەڵە جیاجیاکانی ناو دەوڵەتدا.

ڕۆڵی بنەڕەتی میدیا و پەیوەندی جەماوەری بریتییە لە بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکەی وەک هۆکارێکی گرنگ و بنەڕەتی لە هۆکارەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بەدیهێنانی جۆرێک لە کارلێک لەگەڵ بابەتە گرنگەکان لە کۆمەڵگەدا لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا. بۆیە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری و ئەو ڕاو بۆچوون و زانیارییانەی دەیگرنە خۆ ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی تێگەیاندن و پێکەوەنانی ڕای گشتیدا، چونکە ئەگەر میدیا نەبووایە ئەوا زۆرینەی کەسەکان بێئاگا دەبوون لەو ڕووداوانەی لە دەوروبەریان دەگوزەرێت.

چەندین چەمک هەیە لەبارەی گرنگی ڕای گشتییەوە کە

.........................................................

جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە پێکهێنانی ڕای گشتی لە گرنگترین مەرجەکانی دیموکراسییە. لێکۆڵینەوە مێژووییەکان لە سەردەمە کۆنەکانی گریک و یۆنان سەبارەت بە گرنگی ئەم چەمکە جیاواز و فرە ئاراستە بوو بەوەی چەمکی ڕای گشتی پەیوەست بووە بە حکومەتی دەستوورییەوە کە مافی ڕا دەربڕین و گفتوگۆی لەگەڵ چینی دەسەڵاتدار دەبەخشییە چەند توێژێکی گەل.

لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمانییەوە چەمکێک بەناوی (دەنگی گەل) سەریهەڵدا بە مەبەستی دەربڕینی ڕای گشتی. هەر لەو سەردەمانەدا لەڕێگەی ئەو کەسانەی دەنگوباس و هەواڵیان دەگواستەوە، کە تاکە ئامرازی پەیوەندیکردن بوو بە جەماوەرەوە، ئەو کەسانەش بەهۆی شارەزاییان لە هونەرەکانی گوتار و ڕەوانبێژی، ڕاو بۆچوون لای جەماوەر درووست دەبوو سەبارەت بە بابەتە جیاجیا و گەرمەکانی نێو خەڵکی. بەو پێیە، ڕەوانبێژی و گوتاربێژی - کە سوودیان لە زانستەکانی لۆژیک و ئامرازەکانی دەبینی لە خستنەڕووی ڕاستییەکاندا- ئامرازی سەرەکی بوون لە ئامرازەکانی پێکهێنانی ڕای گشتی و کارلێکی جەماوەری لەگەڵیاندا.

لای خۆیەوە (ماکیاڤێلی) ئاماژەی بۆ گرنگی ڕای گشتی و پەیوەستبوونی بە دەسەڵاتەوە کردووە لە کتێبەکەیدا (میر) کە دەڵێت: «ئامانجی میر بریتییە لە پاراستنی ناو و پایەی خۆی لەڕێی پێکهێنانی ڕایەکی گشتی کە پشتگیری لە خۆی و ڕاو بۆچوونەکانی بکات تاوەکو پاڵپشتی جەماوەر بەدەست بهێنێت لەناو وڵات و دەرەوەیدا“.

.....................................................................

لە سەردەمی ئیسلامدا، شوورا بناغەی پێشکەوتن و گەشەپێدان بوو لە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی کە زامنی یەکانگیری بێت لەنێوان ئاراستە ئیسلامییەکانی جەماوەردا. هەروەها ئەو بناغەیە بوو کە پاڵپشتی یەکێتی ڕاو بۆچوونی موسڵمانانی دەکرد لەبارەی بەدیهێنانی پایەکانی شارستانی عەرەبی ئیسلامی بۆ چەندین سەدە.

## دووەم

# ڕای گشتی لە سیستمەکانی ڕاگەیاندن لە کـۆن و نـوێـدا

لێکۆڵینەوە مێژووییەکان لەبارەی مێژووی هۆکارە ڕاستەوخۆکانی ڕاگەیاندن - واتە هۆکارە زارەکییەکان لەڕێی گوتاربێژی و هۆکارەکانی تری پەیوەندی جەماوەرییەوە- جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگییەکەی وەک بەشێک لە مێژووی مرۆڤایەتی و کلتووری گەلان و وڵاتان. هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە دەرخەری گرنگیی هۆکارەکانی پەیوەندی زارەکی و جەماوەرین لە پێکهێنانی ڕای گشتی لەڕێی بەشداریپێکردنی تاک و کۆمەڵەکان و هاندانیان بۆ پەیوەستبوون بەو هۆکارانەوە. بۆیە هەرچەند ژمارەی کۆمەڵە و تاکەکان زیاتر بێت و پەیوەست بن بە هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەرییەوە، ئەو هۆکارانە توانای کارتێکردن و بڕواپێهێنان و پێکهێنانی ڕای گشتییان دەبێت لە بەدیهێنانی داواکارییەکانی ئەو کۆمەڵانە.

کەواتە سەرکەوتنی سیستمی ڕاگەیاندن پەیوەستە بەو زانیارییانەی دەیانخاتەڕوو کە توانای گەشەپێدانی هۆشیاری تاک و کۆمەڵیان هەیە سەبارەت بە ڕاستییەکان و ئەو پرسانەی واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کەسەکان پێکدێنن و لە توانایدایە ڕایەکی گشتی بەهێز درووست بکات لەناو ئەو

واقیعەدا.

میدیای جەماوەری بوو بە گرنگترین ئامرازەکانی تایبەت بە دەربڕینی ڕای گشتی و پێکهێنانی. بۆیە تێکۆشان لەپێناو ئازادی ڕادەربڕین بوو بە تێکۆشانێکی کۆن. یۆنانییەکان لە ئەزموونی تایبەتی خۆیان لەگەڵ شار/ دەوڵەوتی دا بایەخی زۆریان دا بە گوتاربێژی وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی پەیوەندی زارەکی و ڕەوانبێژیش ئامرازی گوتاربێژی بوو. ئەفلاتون لە کتێبی (پۆزش بۆ سوکرات) یەکێک لە بەهێزترین و کۆنترین پاساوەکانی خستەڕوو سەبارەت بە پشتگیریکردنی ئازادی بیر و گفتوگۆی ئاشکرا کاتێ جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بڕواپێهێنان لەڕێی خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی ڕاستییەکان دەخەنەڕوو کە کەسەکان لێی بێئاگان بە مەبەستی خولقاندنی جۆرێک لە ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەبارەی ئەو زانیارییانەوە.

کەواتە گوتاربێژی یەکەمین ئامرازی پەیوەندی بووە لە کۆندا و گرنگترین ئامراز بووە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی و کارلێک لەگەڵ بابەتەکاندا تاوەکو لە کۆتاییدا ڕایەکی یەکگرتووی بەهێز درووست بێت کە مایەی بڕوا و پەسەندی جەماوەر بێت و ئاسانکاری بکات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە خزمەت بە کۆمەڵ دەکەن. ئەفلاتون لەو باوەڕەدا بوو کە «گفتوگۆی ڕۆژانە لەبارەی پرسەکانەوە بریتییە لە لایەنە گەشەکانی کۆمەڵ و لە گرنگترین ئەو مافانەی کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی ئایدیالدا لێی بەهرەمەندە، چونکە ئەو ژیانەی لەڕێی ئەو جۆرە گفتوگۆیانەوە ناخرێتە بەر سەرنج

.......................................................

و تێبینییەوە شایستەی ئەوە نییە مرۆڤ تیایدا بژێت».

ڕەوانبێژی و هزر (فکر) بوونە دوو لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ژیان لە سیستمی کۆمەڵایەتی گشتیدا لە سەردەمی گریکدا، بەوپێیەی گرنگترین ڕەگەز بووە لە ڕەگەزەکانی پێکهێنانی ڕای گشتی لەڕێی پێدانی زانیاری بە کەسەکان و قەناعەت پێهێنانیان بە یەکهەڵوێستی لەبارەی ئەو پرسانەی لە ئارادان. ڕەوانبێژی گواسترایەوە بۆ هونەرەکانی شانۆی کۆن و ئەدەب و فەلسەفەی سیاسی و ئەو قاڵبە هزرییانە بوون بە گرنگنترین ئامرازەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پێناو پێکهێنانی ڕایەکی گشتی بەهێز کە لە توانایدا بێت پاڵپشتی لە دەسەڵاتی سیاسی بکات.

بەم شێوەیە، زمان بە رێساکان و تایبەتمەندییەکانی کە تواناکەی دیاریدەکەن لە چەسپاندنی هۆشیاری و پێکهێنانی ڕای گشتی، بووە گرنگترین چەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزریی، هەروەها گرنگترین هۆکاری پەیوەندی بەردەوام و گەیاندن بەوەی ئەو ناوەڕۆکەیە کە گوتار ئاراستە دەکات بە پایە و تواناکانییەوە لە بڕواپێهێنانی کەسەکان. لێکۆڵینەوەکان لەبارەی مێژووی کۆنی یۆنانەوە، جەخت دەکەنەوە لەوەی کە ئەرستۆ دەرکی بە گرنگیی پرۆسەی پەیوەندی و ڕەوانبێژی و زمان کردووە لە گەیاندنی پەیام بە جەماوەری وەرگر و دواتریش ئەو رێسایانە بوونە بنەما لە تێگەیشتن لە پرۆسەی پەیوەندی.

هەر بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو گرنگییانە، ئەرستۆ چەند مەرجێکی بە پێویست زانی سەبارەت بە لایەنی وەرگر واتە جەماوەر؛ دەیوت پێویستە مرۆڤ زانینی تایبەتی هەبێت

لە زانستی ئەخلاق و سیاسەت وەک مەرجی سەرەکی بۆ پەیوەندییەکی سەرکەوتوو کە ببێتە بنەمای پێکهێنانی ڕایەکی گشتی ڕۆشنگەر کە لەسەر بناغەی دایەلۆگ یا هێما لەلایەک و لەڕێی بەشداری بەکۆمەڵ لە پرۆسەی پەیوەندیدا لە لایەکی ترەوە، دامەزرابێت، بەو مانایەی کە جەماوەر زانینیان هەبێت لەبارەی ڕێساکانی زمان و گرنگی فێربوونان.

پرۆسەی پەیوەندی جەماوەری لە کۆنەوە پێی وا بووە کە ناوەڕۆکی پەیوەندی یا گوتارێک کە لەسەر بنەمای ڕەوانبێژی و زانست دامەزرا بێت، گرنگترین شێوەکانی پەیوەندی سەرکەوتووە یاخود ئەو پەیوەندییەی کە دەتوانێت پاڵپشتی زۆرترین گرووپ لە کەسەکان بەدەست بهێنێت، لەو کەسانەی لە ناوەڕۆکەکە تێدەگەن. ئەرستۆ جەختی کردووەتەوە لەوەی زمان ئامرازێکە بۆ دەربڕین و لە هەمان کاتدا ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی بیروڕاکان و پێکهێنانیان دژ بە خراپە و بناغەیەکیشە بۆ هاوبەندی هاوبەشی کۆمەڵایەتی.

بەو پێیە، پاراستنی مافی قسەکردن مەرجێکی پێویستە بۆ بیرۆکەی کۆمەڵە یا (یەکێتی) و بە گرنگترین ڕەگەزەکان دادەنرێت لە گەشەپێدانی حکومەتە دیموکراسییەکان. هەروەها ئەو ناوەڕۆکە پێکدێنێت کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت لە لایەنە شاراوەکان بگەین و بەشێوەیەکی داهێنەرانە قسە لەسەر بوونی مرۆڤ و پرسەکانی بکەین. هەر لەو سۆنگەیەوە ئەرستۆ جەختی لە ئازادی ڕادەربڕین کردووەتەوە وەک مەرجێکی بنەڕەتی لە مەرجەکانی پێکهێنانی ڕایەکی گشتی ڕۆشنگەر کە تێگەیشتنی بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەری هەیە.

بەهەمان شێوە ئەم مەرجەی بە مەرجی پێکهێنانی (شار/دەوڵەت) داناوە.

لە ڕێی ڕەوانبێژییەوە، کە بووە بنەما لە گەشەی چەمکی پەیوەندی جەماوەری کۆمەڵایەتی و سیاسی، گوتاری هزریی بۆ ناوەڕۆکی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بووە هەڵگری زمانێک کە هەوڵ بۆ گەشەی عەقڵ و زانست دەدات لەڕێی دەستەبەرکردنی ڕایەکی گشتی ڕۆشنگەر بۆ ئەو هزرەی خراوەتەڕوو. شارستانی یۆنانی لەڕێگەی گەشەی ئەم چەمکەوە دامەزرا و بووە هێزێکی کلتووری و سیاسی خاوەن توانا لە کارتێکردن و بڕواپێهێناندا، بگرە دواتر بووە بناغەی سەرەکی لە گەشەی بیری ئەورووپی، بەتایبەتی پاش داهێنانی چاپ و ئەو نووسینانەی بیر وهزریان بڵاودەکردەوە و کاریان بۆ فراوانکردنی سنوورەکانی زانین و هۆشیاری دەکرد.

بەو شێوەیە، زانین و مافی زانین بوونە بنەما بۆ پێکهێنانی ڕای گشتی ڕۆشنگەر و گرنگترین پرەنسیپ لای وڵاتانی ڕۆژئاوا کە خاوەنی دیموکراسی تازە پێگەیشتوون. نووسینەکانی گەورە بیرمەندانی ئەمەریکی و ئەورووپی، لەناویشیاندا (لوک) و(جیفەرسۆن) و (ڕۆسۆ) بنەمای عەقڵییان داڕشت بۆ ڕاگەیاندنی هەندێک لە مافەکانی تایبەت بە تاکەکان کە دواتر بوونە نموونەی جیهانی. ئەو نموونە و بنەمایانە ئاماژەیان بۆ پاراستنی مافەکانی تاک کرد لە دەسەڵاتی دەوڵەت، گرنگترینی ئەو مافانەش بریتی بوو لە مافی ڕادەربڕین و مافی دەنگدان وەک بنەمایەک بۆ پێکهێنانی ڕایەکی گشتی ڕۆشنگەر. ئەو بیرو بۆچوونە گرنگانە بوونە بناغە بۆ داڕشتنی بنەما دەستووری و

یاساییەکانی دەوڵەتی نوێی دیموکراسی.

دەرەنجام، دەوڵەتی نوێ بووە هێمایەک بۆ هێز و یەکێتی بەرژەوەندییەکان لەڕێی دەسەڵاتی سیاسی حوکمڕان و پارتە سیاسییەکان کە نوینەرایەتی گەلان دەکەن. وۆلتەر لیبمان لە ساڵی ١٩٧٤ باسی لە گرنگی پێکهێنانی سەکۆیەک کرد کە دەربڕی ڕای گشتی میللی و جەماوەری و نزیکبوونەوە لە بیروبۆچوونەکانی دەسەڵاتی سیاسی بێت کاتێ دەڵێت: "هەندێک مافی جێگیر هەن کە نابێت حکومەت پاوانیان بکات بەڵام کاتێک لەڕێی هەموارە دەستوورییەکانەوە زەوت دەکرێن ئەوا وەک مافی جێگیر نامێننەوە. لەلایەکی ترەوە، هیچ کۆتوبەندێک لەسەر دەسەڵاتی کۆتایی زۆرینە نییە کە حکومەتی مەدەنی پێکدەهێنێت، بەڵام خاڵی بەیەکگەیشتن هەیە لەنێوان ئەو دوو دەسەڵاتەدا کە دەکرێت لەڕێی دایەلۆگی بنیاتنەرەوە لە سەکۆ گرنگەکانەوە بێتەدی، واتە لەڕێی میدیای جەماوەرییەوە کە یارمەتیدەرە لە نزیککردنەوەی ڕوانین و بۆچوونەکان و پێکهێنانی ڕای گشتی بۆ هەمان مەبەست".

لەم دەسپێکەوە دەتوانین بڵێین کە میدیای هەمەجۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا، بووەتە سەکۆیەکی بەهێز و گرنگ بۆ پێکهێنانی ڕایەکی گشتی کە دەربڕی بۆچوون و ئاراستە سیاسییەکان و ڕای جەماوەر بێت، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و پیشەسازی و زیاتربوونی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و دەرکەوتنی هێزی ریکلام لە ڕۆژنامە و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بەتایبەتی

ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، کۆمپانیا و دامەزراوەکانی ڕیکلام وەک هێزی گوشاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت سیاسیش دەردەکەون. لەگەڵ زیاتربوونی ئەم ڕۆڵە ڕووبەری ئەو مافانە بەرتەسک بووەوە کە تایبەت بوون بە (مافی مرۆڤ لە ڕادەربڕیندا) و ترسی ئەوە هەیە مرۆڤ تەنیا وەرگر و بەکاربەری زانیارییە بەردەستەکان بێت و دەرەنجام توانای پێکهێنانی ڕایەکی گشتی میللی بەهێز کەم دەبێتەوە کە کاریگەری لەسەر ئەو ئاراستانە هەیە کە دژ بە بەرژەوەندی گشتین.

لێرەوە ژمارەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری زیاتر بوو، هەروەها ئاراستەکانیشی هەمەجۆر بوون لەنێوان میدیای جەماوەریی باو کە دەربڕی بیروبۆچوونە فەرمییەکانە و میدیای پێشەنگ کە دەربڕی بیروبۆچوونی ڕای گشتی میللی و جەماوەرییە. ڕای گشتی گرنگترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جەماوەر لە دەوڵەتە دیموکراسییە نوێیەکاندا دەتوانێت مافی خۆی پیادە بکات لە ڕادەربڕیندا سەرەڕای بوونی هەندێک ئاستەنگ، بەتایبەتی لەلایەن هێزی گوشاری ئابوورییەوە کە دەکرێت هەندێک دەزگا و کۆمپانیای ئابووری گەورەی کیشوەربڕ پیادەی بکەن لەوانەی کە سوودی ماددی لە پلەی یەکەمدا دادەنێن.

## سێیەم:

## پایەکانی ڕای گشتی

پێدەچێت توانای ڕاگەیاندن و ئامرازە جیاجیاکانی لە پێکهێنانی ڕای گشتی پەیوەست بێت بە توانای کۆمەڵ و سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پتەوکردنی پایە جیاوازەکانی، مەبەستمان لە پایەکانی ڕای گشتی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی تازەدا ئەو بناغە سەرەکییانەیە کە دەبێتە مایەی بەدیهێنانی کارلێک و توانای سەرخستنی پرۆژەکانی گەشەپێدان لە کۆمەڵگە چالاکەکاندا، کە دەکرێت بوونی سیستمێکی میدیایی کراوە و هاوسەنگ و دیموکراسی لە گرنگترینی ئەو بناغانە بێت کە لەڕێگەی سیستمێکەوە کاردەکات بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری.

ڕای گشتی بووەتە خاوەنی ئەو توانایەی کە زانیارییەکان درووست بکات و ئاراستەیان بکات و بەشێوەی جیاجیا پێکیان بهێنێت کە لەگەڵ بنەماکانی ئامرازە جیاجیاکانی میدیا و پەیوەندی جەماوەریدا بگونجێت، بەتایبەتی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو لە ناوەڕۆکە تەلەفزیۆنی و سینەماییەکاندا. هەروەها لەڕێگەی هۆیە جیاجیاکانی بڵاوکردنەوە بەتایبەتی ئینتەرنێت کە بووەتە هۆیەکی پێشکەوتووی ئەلەکترۆنی لە دەستەبەرکردنی توانای

بڵاوبوونەوە لە سەرانسەری جیهاندا بەهۆی تۆڕەکانی پەیوەندی و دەزگا و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانی تایبەت بە پەیوەندی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە.

کەواتە گۆڕانکاری لە پێگەی کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی و ئابووریدا ڕوویداوە و بووەتەهۆی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی نەک تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمایەتی بەڵکو لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لەسەر بنەمای گۆڕانکاری بەردەوام دامەزراون. هەروەها لە ناوچە جیاواز و پەرش و بڵاوەکانی وڵاتە تازە پێشکەوتووەکانی جیهانیش بووە هۆی تێکچوونی ئەو هاوسەنگییەی لە بونیادی کۆمەڵگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووری هەبوو. بەهەمان شێوە کاریگەری هەبوو لەسەر زۆرێک لە بنەما فیکری و ئایدیۆلۆجی و کلتووری و زانستییەکان کە ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە بەتایبەتی پەیوەست بە پێکهێنانی ڕای گشتی چالاک و نیشتمانی لە بوارە جیاجیاکاندا بەتایبەتی لە بوارەکانی ڕزگاری سیاسی و ئابووری لە پەنجاکان و شەستەکاندا لە میسر و ئەمەریکای لاتین و ئەفریقیا. بەڵام لەگەڵ سەردەمی تێکشکاندا بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی عەرەبیدا دوای نسکۆی ١٩٦٧ و ئەو پاشەکشێیەی لە چەندین بواردا ڕوویدا، و ئەو ماوەیەش هاوکات بوو لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجی گەورە و کێبڕکێی نێودەوڵەتی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بوارەکانی دروستکردنی مانگە دەستکردەکان بۆ گەیشتن بە بۆشایی ئاسمان. بەرژەوەندییە نێودەوڵەتی و سیاسی و ستراتیجی و ئابوورییەکان کۆنترۆڵی ڕای گشتی نێودەولەتی

دەکەن و چەمکی ڕای گشتیش لەڕێی دەریچە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانییەوە چی تر ڕەنگدانەوەی ڕاستییە نێودەوڵەتییەکان نین لەسەر ئەرزی واقیع بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەری ٢٠٠١. زۆرێک لە توێژەرەوان و زانایانی سەر بە قوتابخانەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی نوێ لە فەرەنسا لە کۆتایی نەوەدەکانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە توێژینەوەکان لەبارەی ڕای گشتییەوە بەتایبەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە چی تر پێویست نین، بەوەی توێژینەوەی دیکە لەبواری بانگەشە و ڕیکلامی بازرگانی جێی گرتوونەتەوە هەروەها لەبواری کارتێکردنی هزری بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی ستراتیجی و سیاسی لەڕێی بانگەشەی سیاسییەوە.

بەڵام ڕای گشتی بە چەمکە لاتینی و ڕۆمانییەکەی، یا دەنگی گەل، چی تر لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نەماوە مەگەر لە کاتی قەیرانە نێودەوڵەتییە ڕاستەقینەکاندا وەک جەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژ بە عیراق لە ٢٠٠٣ و پێشتریش جەنگی دژ بە ئەفغانستان، هەروەها جەنگی بەردەوامی هێزەکانی ئیسرائیل لە فەلەستین و جەنگی ئیسرائیل دژ بە لوبنان لە حوزەیرانی ٢٠٠٦. ڕای گشتی لەڕێگەی سیستمێکی دامەزراوەی تۆکمەی کۆمەڵایەتی و کلتووری و هێزی سەربازی و ئابوورییەوە پێکدێت، بەو پێیەی سیستمە بێهێزەکان لە توانایاندا نییە داواکارییەکانی گەلەکانیان بچەسپێن یا ڕای گشتی میللی یا تەنانەت ڕای فەرمیش.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ڕای گشتی وەک زاراوە و چەمک نەبووەتە دیاردەیەکی خاوەن گرنگییەکی زۆر بەتایبەتی سەبارەت بەو ئەرکانەی پەیوەستن بە پرۆسەی پەیوەندی جەماوەری تەنیا لە سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا نەبێت، ئەوەش یەکەم لەڕێی ڕۆژنامەوە پاش جێبەجێکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پەسەندکردنی پرنسیپەکانی ئازادی و ئازادی بیر و ڕادەربڕین، هەروەها لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دامەزراوەکانی فێرکردن و قوتابخانە و نووسینی فرە ئاراستە و ئامرازەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە.

بەر لەو مێژووە ڕای گشتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووری نەبووە و چەندین پێناسە بۆ چەمکی ڕای گشتی دانراوە، یەکێک لەو پێناسانە ئەوەی (لۆرەنس لویل)ە لە کتێبەکەی بەناوی (ڕای گشتی و حوکمڕانی گەل) لە ساڵی ١٩١٣ و دواتریش ئەوانەی (واڵتەر لیبان) لە ١٩٢٢ و (لیۆنارد ترومان) و (ئارسەر کۆرنهۆز) بوون. زۆربەی ئەو نووسەرانە کۆکن لەسەر ئەوەی کە ڕای گشتی ڕەنگدانەوەی گرووپێکی کۆمەڵایەتییە سەبارەت بە پرسێک یا هەڵوێستێکی دیاریکراو کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا مایەی گرنگییە و پەیوەستە بە ڕاو بۆچوونەکانی جەماوەر سەبارەت بە پرسێکی دیاریکراو کە دەکرێت پرسێکی کۆمەڵایەتی یا کلتووری یا سیاسی بێت بەگوێرەی بایەخی گرووپەکە یا کۆمەڵە جیاجیاکان. (هینس) چوار ڕەگەز دەستنیشان دەکات بۆ چەمکی ڕای کشتی و لە زۆربەی بۆچوونەکانیدا هاوڕایە لەگەل ئەو چەمکانەی لەلایەن ژمارەیەک لە زانایانی بواری کۆمەڵناسی و سیاسەتەوە داڕێژراون

سەبارەت بەوەی پێویستە ئەو پرسە مایەی بایەخی کۆمەڵە کەسێک یا گرووپەکان بێت، بەو مانایەی بوونی جەماوەرێک بە پێویست دەزانرێت کە هاوڕان سەبارەت بە پرسێکی گشتی کە جێی گرنگیپێدان بێت. ئەم جەماوەرەش بەسەر جەماوەری خوارتردا دابەش دەبێت (Sub-public) واتە بوونی هەمەڕەنگی لە بۆچووندا بەگوێرەی ڕادەی ئاڵۆزی ئەو پرسە یا ئەو بابەتەی ڕای گشتی لەبارەوە درووست دەبێت. ڕەنگە گرنگترین ڕەگەز لەم چوار مەرجەدا بریتی بێت لە مەرجی دەربڕینی پرسەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان، چونکە هەستکردن بە پرسەکە بەس نییە بەڵکو پێویستە ئامرازێک لە ئامرازەکانی ڕادەربڕین هەبێت بۆ دەرخستنی ئەو پرسەی نیشاندەری نیگەرانی و بایەخی جەماوەرە.

ئەم مەرجە سەرەکی و بنەڕەتییە لە بواری زانستەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی جەماوەری بووە جێ بایەخی زانایانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن بەتایبەتی دوای شۆڕشی زانیاری و پەیوەندی جەماوەری و پاش ئەوەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان و زانیارییەکان و هەنگاوی گەورەی بواری ئینتەرنێت و تۆڕەکانی تەلەفزیۆنی نیودەوڵەتی بوونە ئامرازی بەتوانای دەربڕین و بەداداچوونی هەواڵ و ڕووداوەکان و پەخشکردنیان بە ڕێگەیەک کە لە خێراییدا لە ئامرازە باوەکان لەپێشترە.

دەتوانین بڵێین، توێژینەوە زانستییەکان لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی و ئەوەی پێشکەشی کردووە لە پێڕەوی توێژینەوە لە شیکردنەوەی بونیادی

زمانی ئەلەکترۆنی نوێ لە بینراو و بیستراو و ئەوەش کە لەبواری ڕاڤەکردنی ڕەگەزەکانیدا خستوویەتیەڕوو و کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی لەسەر وەرگر، ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە گەیشتن بە دەرەنجامی زانستی ڕاشکاو سەبارەت بە گرنگی هاوبەندی نێوان بونیادی فێرکردن و زمانی تەلەفزیۆندا لەبەر ئەو کاریگەرییەی هەیەتی بەتایبەتی لەو وڵاتانەی زۆرترین توانایان هەیە لە بەرهەمهێنانی زانیاری هەمەجۆر و فرەڕەنگدا. ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی کە دەناڵێنن بەدەست نەبوونی بناغەیەکی زانستی لەبار کە لەڕێگەی جێبەجێکردنی پێڕەوی زانستییەوە کاربکات بۆ شیکردنەوەی پرسە هەمەجۆرەکان کە جەماوەر گیرۆدەیانن، نەک تەنیا پرسە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان بەڵکو پرسە مێژوویی و کلتوورییەکان و ئەو بوارانەش کە پەیوەندییان هەیە بە ژینگە و تەندرووستی و دانیشتوانەوە، بۆیە زۆربەی کات ئەو وڵاتانە بێتوانان لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکێک کە ڕەنگدانەوەی واقیعەکە و پێکهێنانی ڕایەگی گشتی ڕۆشنگەر بێت.

لەم سۆنگەیەوە، دەریچەیەکی شیکاریی دەخەینەڕوو بۆ هەندێک لایەنی گرنگی پەیوەست بە ڕای گشتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا سەبارەت بە گرنگی تەلەفزیۆن وەک ناوەڕۆک و ئامرازێک بۆ دەربڕینی ڕای گشتی فەرمی و میللی یا جەماوەری. تەلەفزیۆن ئامراز یا هۆکارێکە وەک چەکێکی دوو سەرە، دەکرێت چکێک بێت بۆ گەشەپێدان و پێکهێنان و تەیارکردنی ڕای گشتی یاخود چەکێک کە ئاراستەی عەقڵ و هزری گەلان بکرێت بە ئامانجی دوورخستنەوەی هۆشیاری و سڕینەوەی مەعریفە و

پێکهێننی ڕایەکی گشتی ناکاریگەر کە نەگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو قۆناغەی گەلانی تازە پێگەیشتوو تیایدا دەژین، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەری ٢٠٠١.

هەر لەم سۆنگەیەوە، دەتوانین جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە میدیای هەمەجۆر نێوەندێکی بنەڕەتی یا ئامرازێکە (وەک شێوە و ناوەڕۆک) کە لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی، یا درووستکەرانی بڕیاری سیاسی، و جەماوەردایە کە لە تاک و کۆمەڵەکان پێکدێت، ئەوەش لەڕێگەی تەیارکردنی ئەو جەماوەرە بۆ پێکهێنانی ڕایەکی گشتی کە توانای پاڵپشتی و پەسەندکردنی بیروبۆچوونی تازەی هەبێت و پرۆژە گشتییەکان و بیروبۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناو کۆمەڵگە بگرێتەخۆ لەڕێی ناوەڕۆکێکی میدیایی کە توانای بڕواپێهێنان و کارتێکردنی هەبێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریی جەماوەر بۆ ئەو پرۆژە و بیروبۆچوونانە لەڕێی کارکردنی جیددی بۆ سەرخستنیان.

ئەڵبەت توانای میدیا و هۆکارە جیاجیاکانی لە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی کارا و چالاک بەپێی ئامراز و هۆیەکانی دەگۆڕێت، هەروەها لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەوی تر، بەوپێیەی ئەو توانایە بەستراوەتەوە بە توانای کۆمەڵگە و سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە چەسپاندنی بناغەکانی ڕای گشتی و بەدیهینانی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی کە پاڵپشت و هاندەری بێت لە پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی هۆشیار و چالاک.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە توانای ڕاگەیاندن لە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی نەتەوەیی چالاک بەستراوەتەوە بە توانای کۆمەڵگە و سیستمی چەسپاو لە پتەوکردن و بنیاتنانی پایەکانی پرۆسەیەکی میدیایی کە توانای پێکهێنان و گرتنەخۆی ڕێچکە و بۆچوون و پرۆژە نوێیەکانی هەبێت و کار بۆ سەرخستنیان بکات.

ڕاگەیاندن لە گرنگترین سیستمە کۆمەڵایەتییەکانە کە زۆرترین پەیوەستبوون و کارلێکی لەگەڵ ژیان و شێوازە کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئابوورییەکاندا هەیە، بەوەی لەیەک کاتدا کارلێکەر و کارلێکراوە لەناو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کلتووری و مەعریفییەکەی کۆمەڵگەدا. کارایی و چالاکی پرۆسەی میدیایی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لەڕێی چۆنییەتی مامەڵە و کارلێکی لەگەڵ تاکەکان و بنیاتی کۆمەڵایەتی و کلتووری و توانای لە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی ڕۆشنگەر و چالاک و بەهێز دەپێورێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستە هەندێک مەرج لە کۆمەڵگەدا هەبێت تاوەکو میدیا بە ڕۆڵی خۆی هەستێت لە گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی؛ واتە پێکهێنانی ڕای گشتی، کە گرنگترینیان بریتییە لە دەستەبەربوونی زانیارییە بابەتییە هەمەجۆرکان لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کلتوورییەکانەوە لە سۆنگە نیشتمانی و نێودەولەتییەکەیەوە، کە لەسەر بنەمای توێژینەوەی زانستی قووڵ دامەزرابێت و کار بۆ دیاریکردنی هۆ و بناغە بابەتییەکانی ئەو کێشە و پرسانە بکات کە خراونەتەڕوو.. بەتایبەتی ئەوانەی دوای کەڵەکەبوونی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان دێنەپێش لە ئەنجامی ململانێ نێودەوڵەتییەکان و جەنگە سەریازییەکان و پێشکەوتن

لە سیستمی گەیاندن و میدیای جەماوەریەوە بەتایبەتی.

دەکرێت پایەکانی پرۆسەی میدیایی لە سەردەمی نویدا، کە توانای پێکهێنانی ڕایەکی گشتی پێگەیشتوویان هەیە کورت بکرێتەوە لە:

١- وەرگری هۆشیار.

٢- زانیارییە بابەتییە وردبینیکراوەکان.

٣- ئامێرە تەکنۆلۆجی و ئەلیکترۆنی و مەعریفییەکان لە بوارەکانی پەیوەندی جەماوەریدا.

*** ڕای گشتی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و شارستانی لە کۆمەڵگەی سەردەمدا:**

لە سەردەمی نوێدا، چاپکردن گرنگترین رەگەز بووە لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا کە بە (سەدەی چاپ) دەناسرێت. چاپکردن لەسەر دەستی (گۆتنبێرگ) پەیدا بوو و پێشکەوت لە ناوەڕاستی سەدەی پانزە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و لە سەدەی شازدەدا بە شێوازیکی زۆر باشتر کەوتەکار کاتێ سیستمی فێرکردن گەشەی کرد و بەرفراوان بوو، هەروەها بووە هۆی زیاتربوونی زانیارییە بەچاپ گەیەنراوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو چاکەکە بە تەنیا بۆ چاپکردن ناگەڕێتەوە - لە سەردەمی رێنێسانس لە سەدەی شانزەوە تا سەدەی هەڤدە سەبارەت بە گرنگیی پێکهێنانی ڕای گشتی بەڵام هێشتا پێویست بوو کە ژمارەی خوێنەران زیاتر بکرێت لەڕێی فێرکردنیانەوە، واتە کردنەوەی قوتابخانە و زیادکردنی ژمارەیان لە کۆمەڵگەدا. بزووتنەوەکانی چاکسازی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە

پاش شۆڕشی پیشەسازی ڕوویاندا بوونە هۆی بڵاوکردنەوەی شێوەکانی چاکسازی لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا. ڕەنگە دەرکەوتنی ئاشکرای دیاردەی پێکهێنانی ڕای گشتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا گرنگترین سیمای گەشەسەندن بێت کە دەیسەلمێنێت ئەو کۆمەڵگەیە بۆ قۆناغەکانی گەشەسەندندا تێپەڕیوە کە بووەتە مایەی دەرکەوتنی.

پێدەچێت هەر دوو شۆڕشی فەرەنسی و ئەمەریکی ڕۆڵیان هەبووبێت لە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ئەم دیاردەیە و بوونی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا. زۆرێک لە بیرمەندە فەرەنسی و ئەورووپییەکان باسیان لە گرنگی ئەم دیاردەیە کردووە لەنێوان سەدەی شانزە و هەژدەدا وەک گرنگترین ئامراز و دیاردە لە پاڵپشتی دەسەلاْت یا شۆڕشکردن بەسەریدا، هەروەها لە بارەی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری وە ک ئامرازێکی گرنگ و پایەیەکی سەرەکی لە پێکهێنانی ڕای گشتی نێوخۆیی بۆ پشتگیری کردنی هزری ڕۆشنگەر لە دەوڵەتدا و باسکردنی مافەکانی تاک و کۆمەڵ و گرنگی ئازادی ڕەخنە و ڕادەربڕین سەبارەت بە بابەتە کۆمەلاْیەتی و سیاسی و ئابوورییە جیاوازەکان و پاڵشتی کردنیان. لە دیارترینی ئەو کەسانە لە جیهانی ڕۆژئاوادا ناوی (جان جاک رۆسۆ) و (جۆن ستیوارت میڵ) و (بنتام) و کەسانی تر دێن.

لە فەرەنسا، رۆسۆ لە نووسینەکانیدا جەختی لەسەر پێویستی ڕێزگرتنی ئیرادە و ڕای گشتی دەکردەوە لەلابەن حکومەتەوە. لە ئینگلتەراش (جۆن ستیوارت میڵ) جەختی لەسەر گرنگی ڕای گشتی دەکردەوە و دەیوت: (ئەگەر هەموو جیهان لەسەر ڕایەک کۆک بن جگە لە یەک کەس ئەوا مافی ئەو جیهانە

نییە ڕای ئەو کەسە بێدەنگ و سەرکوت بکات). هەموو ئەوانە جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی دیاردەی ڕای گشتی وەک هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری، هەروەها دەتوانێت پارێزگاری لە ئازادییەکان بکات و ڕەفتارەکانی دەسەڵاتیش ڕێک بخات. بەهەمان شێوە (بتنام) جەختی کردووەتەوە لە ڕای گشتی وەک ئامرازێک بۆ گوشاری کۆمەڵایەتی لە تیۆرییەکەیدا بەناوی (کۆمەڵناسی مەعریفە) و لە سەدەی نوێشدا واتە دوای شەستەکانی سەدەی بیست، چەندین ڕای پێچەوانە لەگەڵ گرنگی ڕای گشتی وەک خاڵی کۆکەرەوەی ڕا گشتییە سوودبەخشەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی دەرکەوتن. لە سەردەمی نوێدا، سەردەمی ڕوونبوونەوەی گرنگی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیکردنەوەی چەمکی ڕای گشتی، بەدیاریکراویش قوتابخانەی فەرەنسی کە پێی وایە ڕای گشتی لە سەردەمی نوێدا، دوای پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجی لە بوارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەڵەکەبوونی لە ژمارەیەکی کەمی وڵاتانی پیشەسازی ڕۆژئاوادا، ڕەنگە پشتگیری هەندێک چەمک بکەن کە زۆربەی کات ئەو چەمکانە دروستکراوی ڕای گشتی نیشتمانی نین، بەڵکو ڕاو بۆچوونێکن کە لەلایەن حکومەتەکان یا کەمینەیەکی سیاسییەوە دەردەچن کە دەسەڵات و هێزی ئابووری و سیاسی و هزرییان بەدەستەوەیە و بیرۆکەی پاڵپشتی کردن و پێشخستنی ڕای گشتی دەقۆزنەوە لەمەڕ ئەو بابەتانەی کە پێیان وایە لە بەرژەوەندی خۆیاندایە، بەتایبەتی لە سەردەمێکدا کە کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لە ڕۆژئاوا، بەتایبەتی

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەو ئامرازانەی کە هەیانە لە هۆیەکانی میدیای جەماوەری و توانای ئابووری و بەگەڕخستنی لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی و کاریگەر لە پێکهێنان و فۆرمەلەکردنی ڕای گشتی کاردەکەن.

ئەو بابەتانە بوونە مایەی پرسیار لای چەندین زانای کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن و سیاسەت سەبارەت بە بوونی ڕای گشتی بە مانا درووستەکەی، تا ئەو ئاستەی کە ئەم زاراوەیە لە دیدی ئەواندا وەک ئەو زاراوانە تەماشا بکرێت گومان لە سوودی بوونیان دەکرێت، ئەوەش لەبەر چەندین هۆ کە گرنگترینیان بریتییە لەو بارودۆخە قەیراناوییەی ئەم کێبڕکێ پاوانخوازییە خوڵقاندی لەبواری سیستمی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لەنێو ئەو کێبڕکێ توندەی کەناڵە ئاسمانییەکان بۆ ڕاکێشانی زۆرترین بینەر تاوەکو زۆرترین داهات بەدەستبهێنن لەڕێگەی ڕیکلام یا کرێی بەشداریکردن یاخود هەردووکیان، تایبەت بە کەناڵە بازرگانییەکان. هەندێک کەناڵی تر هەن کە مەبەستیان بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی یا کلتووری یا ئایدیۆلۆجییە و بە پلەی یەکەم کار بۆ پێکهێنانی ڕای گشتی دەکەن لە چوارچێوەی سنووری ئەو هەرێمەی کە دەیانەوێت ئامانجە دوورمەوداکانی خۆیانی تیا بەدیبهێنن، و چەندین گفتوگۆ کراوە سەبارەت بەو خاڵە گرنگە کە لە چەند ئاراستەیەکدا بەرجەستە بووە:

١- دەرکەوتەکانی ئەم پێشکەوتنە تەکنۆلۆجی و زانستییە بەردەوامە لە وڵاتانی جیهانی یەکەمدا، بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بوارەکانی مانگە دەستکردەکان

و پەیوەندی جەماوەری. هەروەها زیادبوونی ئەم هەموو کەناڵە ئاسمانییە پڕ لە بەرنامە و بیروبۆچوون و زانیاری هەرێمایەتی کە زیاتر ڕووبەرێکی جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە و بەزۆری تەبا و یەکانگیر و بەردەوامە لەڕێی دابونەریت و زمانی نزیک لەیەکتر یا جیهانییەوە، بە ئامانجی پێکهێنانی ڕایەکی گشتی کە تەبا بێت لەگەڵ بۆچوونە سیاسی و هزری و ئابوورییەکانی وڵاتی سەرچاوە کە خاوەنی توانای تەکنۆلۆجییە لە بوارەکانی میدیا و زانیاری و تواناکانی لە بواری لەقاڵبدان و درووستکردنی ڕای گشتیدا کە لەگەڵ ئەمانج و بەرژەوەندییەکانیادا تەبا بێت.

ئەو شەپۆلە بەردەوامە میدیایی و کلتوورییەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دێت بووەتە مایەی نیگەرانی لای چەندین وڵاتی ئەورووپای ڕۆژئاوای خاوەن کلتووری ڕەسەن وەک فەرەنسا و خۆیان وەک بەرگریکار لە ناسنامە و کلتووریان دەبیننەوە لەبەرامبەر تەنگپێهەڵچنینی ئەو کەناڵە ئاسمانییانە و توانایان لە داڕشتن و پێکهێنانی ڕای گشتی لەڕێگەی کۆنتڕۆلکردنی کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕەکانیانەوە، کە لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستدا بوونە یەکێک لە سەرچاوەکانی ململانێی کلتووری و ئایدیۆلۆجی لەنێوان خودی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەورووپا، هەروەها لەنێوان وڵاتە تازەپێشکەوتووەکاندا.

هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد، زیادبوونی ئاڵنگارییەکان کە بەرەوڕووی گەلانی وڵاتە تازەپێشکەوتووەکان دەبێتەوە تەنیا ئەو کۆمەڵگەیانە ناگرێتەوە بەڵکو ڕوو لە وڵاتان و

گەلانی جیهانی پێشکەوتوو دەکات لە ئەورووپاش. زۆرێک لە توێژینەوەکان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی میدیای ئەمەریکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە هاوسەنگی هێزی گۆڕیوە لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و توانای خۆی دەرخستووە لە داڕشتن و پێکهێنانی ڕای گشتیدا.

ئەو ڕوانینە بۆ گرنگی پێشکەوتن لە بواری زانستەکانی ئاسماناسی و درووستکردنی مانگە دەستکردەکانی تایبەت بە پەیوەندی و زانیاری و ڕاگەیاندن و بەکارهێنانیان لە پێکهینانی ڕای گشتی لە سەردەمی نوێدا، یاخود لە قۆناغە قەیراناوییەکاندا لەبوارەکانی جەنگی دەروونی و جەنگی سارد و تەنانەت جەنگی سەربازیش، ئەو ڕوانینە لە بەکارهێناندا زیاتر ڕوونبووەوە دوای پێشکەوتن لە تیۆری فەلسەفی و جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەو فەلسەفەیەی لەسەر یاسای سرووشتی دامەزراوە تا دەگاتە فەلسەفەی تاکگەرایی بەرژەوەندخوازی کە بنەمای هزری سوودگەرایی ئابووری ئازادە کە وەک پەیڕەوێکی زانستی گەشەی کرد لە بوارەکانی پەیوەندی جەماوەری و زانستەکانیدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سییەکانی سەدەی بیستەوە.

تیۆری ڕاگەیاندن و توێژینەوەکانی، بەتایبەتی لە ماوەی قەیرانەکان و ماوەکانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی ئاماژەیان بۆ گرنگی بایەخدان کرد بە ڕای گشتی ناوخۆیی و دەرەکی وەک یەکێک لەو فاکتەرانەی کە زەمینەسازی دەکەن بۆ سەرکەوتنی سەربازی هەروەها لە جەنگی ساردا.

توێژینەوەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرەوپێش چوون لە بوارەکانی ڕای گشتی کە چەندین توێژەر و بیرمەند کاریان لەسەر کردبوو وەک: (ج. کۆرنویل) و (بنتلی)... ئەو بیروبۆچوونانە لە پەیمانگە باڵاکان و زانکۆ ئەمەریکییەکاندا بڵاوبوونەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕای گشتی، کە گرنگترینیان (پەیمانگەی گالۆپ)ە. هەروەها لە ساڵی ١٩٣٧ یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە بوارەکانی ڕای گشتی بڵاوکردەوە، کە گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بوو بە خستنەڕووی گرنگترین بیروبۆچوونە نوێیەکان لەم بوارەدا بۆ توێژەرەوان و ئەوانەی بایەخ بە پرسەکانی ڕای گشتی نێودەولەتی و هەرێمایەتی دەدەن لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

ئەم پێشکەوتنە هزری و زانستییە لە بوارەکانی ڕای گشتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەندین پرس و ئاریشە و ئاڵنگاری لێکەوتەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی جیهانی تازەپێشکەوتوودا و وڵاتانی پێشکەوتوو لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی لە حەفتاکان و هەشتاکان و تەنانەت نەوەدەکانی سەدەی بیستدا. لە هەمان کاتدا ئەم پێشکەوتنە تێڕوانینی بۆ کەناڵە ئاسمانییەکانی تایبەت بە پەیوەندی جەماوەری لەڕێی کەناڵە ئاسمانییە نێودەوڵەتییەکانەوە بوو کە سەر بە کۆمپانیا فرەرەگەزەکان بوون ئەوانەی پاوانی ئاژانسە هەواڵییە گەورەکانی جیهانیان کردووە و تا ڕادەیەک پاوان و کۆنترۆلی سەرچاوەکانی زانیارییان کردووە لە جیهاندا، بەوەی بەرپرسە لە زیادبوونی

ململانێی هزری و ئایدیۆلۆجی لە جیهاندا و پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەورووژێنێت کە چی تر لەنێوان وڵاتە زلهیزەکاندا مایەی ڕێزلێگرتن نییە، بەهەمان شێوە لەنێوان ئەو وڵاتانە و گەلانی جیهانی تازەپێگەیشتوودا. ئەم کەناڵانە بە چەندین ڕێگە بوونە ئامرازی گرنگ بۆ سنووردارکردن و پێکهێنانی ڕای گشتی، هەروەها بوونە هێزی گوشاری ڕاستەقینە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتدا کە بەشێوازی جیاجیا ڕوو لەگەڵ و جەماوەر دەکەن کە ڕەنگە زۆربەی کات پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی سیستمە سیاسییەکە بێت.

بەم شێوەیە، پێکهێنانی ڕای گشتی و داڕشتنی لە دوورەوە یاخود لەڕێگەی ئامرازەکانی میدیا و پەیوەندی جەماوەری و کلتوور، لەڕووی ئیدارەدان و ئاراستەکردنەوە ڕەنگە بکەوێتە دەست دەوڵەتێکی گەورەی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەهۆی ئەو توانا پێشکەوتووەی کە هەیەتی لە بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆجیا و پێشەنگی لە بوارەکانی درووستکردنی مانگە دەستکردەکان کە خراونەتەگەڕ بۆ پێکهێنانی کەشتیگەلێکی میدیایی ئاسمانی کە توانای بڕینی سنوورە نیودەوڵەتییەکان و پەیوەندیکردنی بە ڕای گشتی هەبێت لەو وڵاتانەی کە مەبەستێتی ئاراستەکانی بگۆڕێت و کاریگەری لەسەر ڕای گشتیییان بکات، ئەوەش بووە هۆی وەرگەڕانێکی ڕاستەقینە لە تەرزاووی هێز لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لەڕێی جەختکردنەوە لەسەر هەندێک چەمک لە دوواندنی ڕای گشتی لەو وڵاتانەدا کە سنوورەکانیان دەبەزێنێت، هەروەها ورووژاندنی پرسەکانی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی و کلتووری لەسەر

گۆڕەپانی نێودەوڵەتی.

فەرەنسا بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتی ئاراستەی میدیای ئەمەریکی کرد لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتایبەتی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی زانیاری و مەعریفە و کلتوور لەڕێگەی کەناڵە ئاسمانییە نێودەوڵەتییەکان و لەڕێگەی هەژموون و خۆسەپێنی هزریی و کلتووریی و کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی لەنێو سنووری هەر وڵاتێکدا، یاخود بەزاندنی سنووری ئاسایشی کلتووری و مەعریفی. بەو شێوەیە توانای پاراستنی سنوور و ئاسایشی نەتەوەیی لەو هێرشە هزرییانە لەسەر عەقڵ و بیرکردنەوەی جەماوەر لاواز بوو، بەڵکو چەمکی ڕای گشتی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە هاتەپێش زۆر جیاوازتر دەرکەوت بەوەی گۆڕانکاری لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیدا ڕوویدا هەروەها لە تواناکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی هێزە گەورەکان کە دەسەڵاتیان بەسەر بوارەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری و ساماندا هەیە.

توێژینەوە میدیاییەکان لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیست جەخت دەکەنەوە لەوەی کە میدیا و پەیوەندی جەماوەری لە گرنگترین ئامرازەکانی جەختکردنەوەن لەسەر لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و توانایان لە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی ڕۆشنگەرەوەدا لەڕێگەی ئەو پەیامانەی دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکەی دەیانخاتەڕوو. لە سەرەتاکانی هەزارەی سێیەمەوە زۆر بە خۆپارێزییەوە لەم چەمکە دەڕوانرێت بەهۆی ئەو ئاڵنگارییە میدیایی و مەعریفییەی

.......................................................

ڕووبەڕووی کۆمەڵگەکان دەبێتەوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

٢- ڕای گشتی وەک مەرجێک بۆ ئەرکی شارستانییانەی میدیا:
میدیا و سیستمە جیاجیاکانی وەک ڕووخساری شارستانییانەی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی دێنەپێش چاو، و لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بگوترێت کە میدیا و هۆکارە جیاجیاکانی جیاناکرێنەوە لە حەقیقەتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی کۆمەڵگە، بەو مانایەی لە ئەرکی شارستانییانەی کۆمەڵگەی نوێ جیاناکرێنەوە بەو پێیەی میدیا چەقی سەرەکی ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و شارستانی کۆمەڵگە و ڕووخساری شارستانیی بەرجەستەی هەر کۆمەڵگەیەکە. ئەو ئەرکە شارستانییە لەو زانیارییە بابەتی و ڕاستییانەدا ڕەنگدەداتەوە کە میدیا و هۆکارە جیاجیاکانی دەیخەنەڕوو، کە پەیوەندی بەتینییان بە ئامانج و کێشە و پرسەکانی کۆمەڵگەوە هەیە بەمەبەستی ئاراستەکردن و پێکهینانی ڕایەکی گشتی ڕۆشنگەر و چالاک لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پرسانە و گفتوگۆ لەبارەیانەوە بۆ دۆزینەوەی گونجاوترین چارەسەری بابەتی بۆیان بەوپێیەی کە پەیوەستە بە هێڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی نوێ بەگوێرەی هەڵوێستە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان.

ئەرکی شارستانییانەی میدیای جەماوەری لە نەبوونی سیاسەتێکی میدیایی کە جۆرێک لە بەشداری و کارلێک بێنێتەدی، دەستەبەر نابێت چونکە گرنگترین ڕەگەز لە هێنانەدی ڕای گشتی نیشتمانی یا نێوخۆیی لەناو وڵاتێکدا بریتییە لە بوونی

سیاسەتێکی میدیایی ڕوون کە دەستەبەری دیموکراسی میدیایی بێت، واتە کاربکات لەسەر جێبەجێکردنی ماف لە پەیوەندیدا کە هەر هاوڵاتییەک مافی زانیاری و پەیوەندی هەبێت. هەرچەند پەیامی شارستانییانەی میدیا و هۆبەکانی پەیوەندی جەماوەری ڕوون بێت، واتە بوونی یاسای میدیایی ڕوون کە لە جێبەجێکردنیدا پێچەوانە نەکەوێتەوە، یاخود دانانی دەستوورێک کە پرنسیپی ئازادی ڕادەربڕین و بڵاوکرنەوە و ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و بوار ڕەخساندن بۆ تاک وکۆمەڵ دەستەبەر بکات لە پیادەکردنی مافی ڕاگەیاندن و پەیوەندی و ڕۆڵی یاسایی و هزریی لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی جەماوەرییەوە، ئەوا بەشداری تاک و کۆمەڵ یا بەشداری میللی لە ڕێگەی ڕای گشتییەوە بەرەو گەشانەوە و پێشکەوتن و پەیوەستبوون بە پرۆژە نەتەوەییەکانەوە بەرقەرار دەبێت.

میدیا و پەیوەندی جەماوەری و هۆکارە جیاجیاکانی پشت دەبەستن بە دایەلۆگ و بڕواپێهێنان و ئازادی ڕادەربڕین تا بتوانن ڕایەکی گشتی ڕۆشنگەر پێکبهێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش هەندێک مەرجی بابەتی هەن کە هەر بۆ ئاسانکاری دەتوانین هەندێکیان بخەینەڕوو:

١- گەشەپێدانی متمانە لەنێوان جەماوەری وەرگر و میدیای جەماوەری یا سیستمی میدیایی ناو کۆمەڵگە لەڕێی جێبەجێکردنی پرەنسیپی ڕاستگۆیی میدیایی کە پێویستی بە زانیاری درووست هەیە لە سەرچاوەی جێباوەڕەوە تا بتوانێت جۆرێک لە کارلێک بێنێتەدی لەنێوان هەواڵەکان و

ڕووداوەکان و ڕای گشتیدا.

٢- گەشەپیدانی کارلێکی بنیاتنەر لەنێوان ناوەڕۆکی میدیایی و ڕای گشتی لە کۆمەڵگەدا سەبارەت بە پرسە هەنووکەییەکان لەڕێی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان.

٣- بوار ڕەخساندن بۆ ڕای گشتی بۆ ڕەخنەگرتن و نەیاریی وەک بناغەیەکی گرنگ لە بناغەکانی پیادەکرنی مافی پەیوەندی لای هاولاتی و وەک بناغەیەکی سەرەکیش دەتوانێت میدیا و پەیوەندی جەماوەری لەڕێی هۆکارە هەمەجۆرییەکانییەوە بەرەو چالاکی زیاتر بەرێت لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان و هەواڵ و بابەتە هەمە چەشنەکان و داواکارییە کۆمەلایەتی و کلتوورییە فرەجۆرەکان لە بوارە جیاجیاکاندا بگرێتەخۆ تا وەکو بەشداریکردن دەستەبەر بێت وەک ڕەگەزی سەرەکی لە پرسی پێکهێنانی ڕای گشتی چالاک و ڕۆشنگەردا.

ڕای گشتی ئامرازیکە بۆ جەختکردنەوە لەسەر پرەنسیپی ئازادی و یەکسانی و مافی نەیاریی لەگەڵ کلتوور و ڕاگەیاندندا، بەلام ئەم پرەنسیپ و چەمکانە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات دوای ئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی بۆی دەرکەوت کە توانای زانست و تەکنۆلۆجیا و بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانیاری و کۆبوونەوەی لە دەست ژمارەیەکی کەم و دیاریکراو لە ولاتە گەورەکان، دەتوانێت بە چەندین ڕێگە کاریگەری هەبێت لەسەر ڕای گشتی. بۆیە چیتر سیستمی سیاسی لەناو ولاتێکدا تەنیا فاکتەری کاریگەر نییە لە پێکهێنانی ڕای گشتی نێوخۆیی کە لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا و هزری باودا بچێتەپێش. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە سیستمی میدیای نیشتمانی ناتوانێت لەڕێی ناوەڕۆکەکەیەوە جۆرێک لە

هەژموون بسەپێنێت، واتە ناتوانێت بەتەنیا لەڕێی دەزگا و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە جۆرێک لە کاریگەری بسەپێنێت بەسەر هەڵوێست و ئاراستەکان و ڕایەکی گشتی تەبا لەگەڵ سیاسەت و ئامانجە ئایندەییەکان، بەهۆی بوونی چەندین سیستمی نێودوڵەتی کە لەڕێی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و پیشەسازی لە بوارەکانی درووستکردنی زانیاری و سەرلەنوێ پەخشکردنەوەیدا کاردەکەن، هەروەها لەڕێی شێوە نوێیەکانی پەیوەندی ئەلیکترۆنی و میدیای ئاسمانییەوە بۆ پاڵپشتیکردنی بیرو بۆچوونێک کە ڕەنگە لەگەڵ هەڵوێستە نەتەوەییەکاندا پێک نەیەنەوە.

بۆچوونەکان لە وڵاتە تازەپێشکەوتووەکان و پێشکەوتووەکانیشدا سەبارەت بە کاریگەرترین ئامراز یا هۆکار لەسەر هزری گەلان مایەی مشتومڕ بووە، بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی تازەپێشکەوتوودا: میدیای ڕۆژنامەگەری و دامەزراوە نەتەوەییەکانی یا نێودەوڵەتی یاخود سیستمە میدیاییە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییە نەتەوەییەکان یا نێودەوڵەتییەکان، یاخود ڕاگەیاندنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی؟

لێرەدا باس لە توانای پێکهێنانی ڕای گشتی دەکەین بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی تازەپێشکەوتوودا بەوپێیەی تاکی خوێندەوار یا نەخوێندەوار هەر دەبێ ڕۆژنامەیەک بخوێنێتەوە یا گوێ لە ڕادیۆ بگرێت یا تەماشای بەرنامەی تەلەفزیۆنی بکات بەشێوەیەک کە جۆرێک لە ئاڵوگۆڕ و کارلێک درووست دەکات لەنێوان سیستمی سیاسی کە دەربڕی حکومەتە و ڕای گشتیدا. هەروەها لە سای پێشکەوتنی

.............................................................

تەکنۆلۆجی و گەشەسەندنی سیستمی ئاسمانی و کەناڵە ئاسمانییەکان، ڕای گشتی دابەش بووە بەسەر بیروبۆچوونی جیاجیا و جیاوازدا سەبارەت بەپرس و کێشەکان.

چەندین توێژینەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە تاک هێشا لەژێر کاریگەری ئەو گرووپەدایە کە سەر بە کۆمەڵگەکەیەتی. بەهەمان شێوە (لازار سفیلد) جەختی لەم ڕاستییە کردووەتەوە لەڕێی توێژینەوەکانییەوە لە بوارەکانی کارتێکردندا، کارتێکردنی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی بە دوو قۆناغ، و توانای سەرکردە خاوەن ڕاکان و کۆمەڵە بنەڕەتییەکان لە بڕواپێهێنان و کارتێکردن بەتایبەتی لە بواری بانگەشەی سیاسی و بازرگانی، بۆیە توانای ئەو گرووپانە بنەڕەتی و کاریگەرە لە پێکهینانی ڕای گشتی و کاریگەرییان لەسەر تاک و کۆمەڵەکان.

## چوارەم:

## گرنگترین بناغەکانی ڕایەکی گشتیی چالاک؛

*** فێرکردن و پەروەردە وەک بناغەیەکی گرنگ لە پێکهینانی ڕایەکی گشتی چالاکدا:**

دەتوانین لەوە دڵنیا بین کە چەندین بناغە هەن بۆ پێکهێنانی ڕایەکی دینامیکیی چالاک، کە گرنگترینیان بریتییە لە گۆڕانکاری لە بنیاتی فێرکردنی بنەڕەتی و زانکۆیی لە وڵاتە تازەپێشکەوتووەکاندا بەتایبەتی لەبەر خراپیی ئاستی پێکهاتەیی و پەیڕەونەکردنی پرەنسیپە جیهانییە نوێیەکان لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا. زانستەکان لەم وڵاتانەدا پێش ناکەون لەبەر پەیڕەونەکردنی پرنسیپی گشتگیری و ڕوانگەیەکی تەواو لە زانستەکاندا. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، هەروەک یەکێک لە توێژەران ئاماژەی بۆ دەکات، هەلومەرجی مەعریفەی نوێ لە سەدەی بیست و یەکدا، سەدەی بەرنامەسازی و زانیاری گۆڕانی بەسەردا هات چونکە بنیاتی زانستە نوێیەکان نایەتەدی تەنیا بە «گۆڕینی بنیاتی فێرکردن لە وڵاتە تازەپێشکەوتووکاندا، بەشێوەیەک کە زانستەکان زیاتر یەکانگیر و تێهەڵکێش بن». ئەم سەدەیە سەدەی زانا گشتگیرەکانە، بەوپێیەی پسپۆڕییە زانستییەکان لەیەکتردا تێهەڵکێش دەبن و بەهەمان شێوە

لەگەڵ پسپۆرییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانیش یەکانگیر دەبن.

لە ئێستادا، سیستمە ئەلیکترۆنی و تەکنۆلۆجییە نوێیەکان دەتوانن مامەڵە لەتەک زانیارییەکاندا بکەن بە بڕێکی ئێجگار زۆر لە وردەکاری، و ئامێرەکانی کۆمپیوتەر بە سیستمە پێشکەوتووە نوێیەکانەوە دەتوانن لە چرکەیەکدا بڕی یەک ترلیۆن لە ئاڵۆزترین کرداری ژمێریاری چارەسەر بکەن. هەروەها دەتوانرێت زانیاری لەبواری مێژوو و جوگرافیا و زانست و هونەر هەڵبگیرێت، واتە هەڵگرتنی کتێبخانەیەکی تەواو لە یەک پەپکەی سی دی (C D) دا. زانست و زانیارییەکان بوونەتە پیشەسازییەک کە دەتوانرێت دەستکاری وردەکارییەکانیان بکرێت و داهاتی گشتی ساڵانەشی لە ٢٠١٠دا گەیشتە یەک ترلیۆن دۆلار یا زیاتر.

*** تێچووی مەعریفە لە وڵاتە تازەپێشکەوتووەکان و ڕای گشتی:**

ئاشکرایە کە ئەم مەعریفەیە لەلایەن وڵاتە گەورەکان و کۆمپانیا فرەرەگەزەکانەوە پاوان کراوە و لەشێوەی مافی داهێنان و موڵکایەتی کەسیی تۆمار دەکرێن و بەکارهێنانی لەلایەن وڵاتە تازەپێشکەوتووەکان زۆری تێدەچێت، تەنانەت پرۆژە زانستییەکان و توێژینەوە گرنگەکان کە لەلایەن زایان و توێژەرەوانی وڵاتە تازەپێشکەوتووکانەوە دەردەچن سەرلەنوێ بەرنامەڕێژی دەکرێنەوە بەگوێرەی ڕێساکانی زانیارییە زانستییەکان بەپێی پێودانگە جیهانییەکان و جارێکی تر بەو شێوە درووستکراوە نوێیە ڕەوانەی وڵاتە تازەپێشکەوتووەکان دەکرێنەوە بەڵام بە نرخی بەرز «بە هەمان شێوەی کە ڕۆژئاوای

پێشکەوتوو مامەڵە لەتەک کەرەستەی خاوی دەرهاتوو لە وڵاتانی جیهانی تازەپێشکەوتوودا دەکەن، وەک لۆکە لە حاڵەتی خاودا کە دواتر دەچنرێت و جلوبەرگی لێ درووست دەکرێت و بە نرخی بەرز دەفرۆشرێنەوە بە وڵاتانی جیهانی تازەپێشکەوتوودا".

کەواتە دەتوانین بڵێین کە ناهاوسەنگی هەیە لە توانای کۆنترۆڵکردن و پاوانکردنی سیستمەکانی ئاسمان و زانیارییەکان و دواتریش لە ئەنجامی ئەو پرس و گرفتانەی دێنەپێش پرۆسەی جێبەجێکردنی سیستمێکی میدیایی هاوسەنگ و کاریگەر لە ئاراستەکردنی ڕای گشتی و پێکهێنانی بەشیوەیەکی کارا لە وڵاتە تازەپێشکەوتووەکاندا، سەرەڕای نەبوونی سیستمێکی کارا بۆ دروووستکردنی مەعریفە و پەروەردە و فێرکردن، هەندێک گرفت هاتنەپێش کە ڕێگرن لە دامەزراندنی سیستمیکی کارا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و پەیوەندی جەماوەری و مەعریفە و سیستمە پەیوەندییە ئاسمانییەکان کە بایەخ بە ئامانجەکانی وڵاتانی تازەپێشکەوتوو بدات. لەکاتێکا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەڕێی سیستمی مانگە دەستکردەکان و سیاسەتی بازرگانی لە وڵاتانی سەر بە ئەون بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی تازەپێشکەوتوو و لەڕێی سەپاندنی بابەتە هەواڵی و میدیاییەکان کە تەبان لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆی و هەروەها لەڕێی هەژموونی کۆمپانیا مەزنە فرەرەگەزەکان بەسەر میدیا و سیستەمەکانییەوە، جڵەوی ئاراستەکردنی ڕای گشتی جیهانی و نیشتمانی دەگرنەدەست بەشێوەیەک کە ئابووری

و سیاسەت و ئامانجە ستراتیجییەکانی وڵاتە گەورەکان زیاتر بچەسپێنیت.

ئەمەریکا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەوە کاتێ ویستی هەمان ئەو سیاسەتانەی بەرامبەر بە وڵاتانی تازەپێشکەوتوو گرتوویەتی بەر، بەرامبەر بە وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوای ئەورووپاش پیادەی بکات، لەبەر بوونی سیستمێکی تۆکمە لە میدیا و فێرکردن و توێژینەوەی زانستی و تەکنۆلۆجی و پیشەسازی پێشکەوتوو لەو وڵاتانەی ئەوروپای ڕۆژئاوا. هەروەها بەهۆی بوونی ڕایەکی گشتی چالاک و دینامیکی کە دەتوانێت لەڕووی هەموو ئەو سیاسەتانەدا بوەستێتەوە کە ئاسایش و ئۆقرەی نێوخۆیی بۆ دەستەبەر ناکەن. بەهەمان شێوە بەهۆی بوونی سیستمێکی میدیایی و پەیوەندی ئاسمانی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و دامەزراوە نیشتمانییەکانی کە لە بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ کاردەکەن لە بوارەکانی گەشەپێدانی زانیارییەکانیان نەک لە بەرژەوەندی کۆمپانیا گەورەکانی ریکلام. هەموو ئەوانە دەستەبەری بەدیهێنانی ڕایەکی گشتی کارا و یەکانگیرە کە بەشداری لە زامنکردنی مافەکانیان دەکات لەم سیستمە ئاسمانییە نوێیەی مەعریفە و ڕاگەیاندندا.

*** ڕای گشتی بێدەنگ و ڕای گشتی چالاک**

بەپێچەوانەی دۆخی وڵاتە تازەپێشکەوتووەکان، ڕای گشتی ناوخۆیی بەگشتی بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە، ڕایەکی گشتی کە ڕووناکبیرانی کۆمەڵگە هەڵگرین و زۆرتر چالاک و دینامیکییە لە دەربڕینی ڕاوبۆچوونە بابەتییەکاندا و ڕایەکی

گشتی تر کە زۆرینەی خەڵکی هەڵگرین و بە ڕایەکی بێدەنگ دادەنرێت بەرامبەر پرسە ناوخۆییەکان بەهۆی بێتوانایی لە بەدواداچوونی ناوەڕۆکی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی نووسراوی ڕۆژنامە و سیستمە ئەلیکترۆنییەکان و هۆکارە جیاجیاکانی مەعریفە، کەواتە ڕایەکی گشتییە کە دەربڕی پرسەکانی خۆی نییە نەک لەبەر نزمی ئاستی هۆشیاری بەرامبەر ئەو پرسانە بەڵکو لەبەر سەرقاڵبوونی بە پرسە ئاڵۆزەکانی ژیانی ڕۆژانەوە.

ئەم دۆخە بووە مایەی نیگەرانی ڕووناکبیرانی وڵاتانی تازەپێشکەوتوو بەتایبەتی لەڕووی ڕەنگدانەوەی ئەم سیستمە نوێیەی میدیا و پەیوەندی نیشتمانی و نێودەوڵەتی کە لێوانلێوە لە بابەتی ڕووکەش کە ئاستی هۆشیاری بەرزناکەنەوە بۆ تێگەیشتن لەو کێشانەی لە ئارادان، لەلایەکی ترەوە ڕەنگدانەوەکانی سیستمی ئاسمانی نێودەوڵەتی کە هێزەکان و وڵاتە گەورەکان ئاراستە دەکات لەڕێی کۆمپانیای زەبەلاحی فرەڕەگەزەوە هەروەها ورووژاندنی لایەنی نەرێنی کە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی و میدیایی و هزری دەکات لە چوارچێوەی سنووری نیشتمانیدا لەبەر چەندین هۆ کە گرنگترینیان بریتییە لە بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و جیاوازی گەورەی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای پاشکۆیەتی کلتووری و تەکنۆلۆجی بۆ ڕۆژئاوا چونکە پاشکۆیەتی واتە ملکەچی بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و گەشەپێدان خستیەڕوو کە دەڵێت بیرۆکەی پاشکۆیەتی تەکنۆلۆجی

...........................................................

ئاماژەیە بۆ پشتپێبەستی ناهاوسەنگ، بەوپێیەی وڵاتێکی تازەپێشکەوتوو کە پشت بە وڵاتانی پێشکەوتوو دەبەستێت لە بواری تەکنۆلۆجیادا ئەو پەیوەندییە بەرەو پەیوەندییەکی ملکەچی دەچێت.

## پێنجەم:

### ڕای گشتی لە سیستمی سیاسی دامەزراودا؛

کاریگەری میدیا لە پێکهێنانی ڕای گشتی پەیوەستە بە توانای کۆمەڵگە و سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دامەزراو لە تۆکمەکردنی پایە جیاجیاکانیدا.

دەتوانین بڵێین کە توانای میدیا لە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی نیشتمانی بەهێز پەیوەستە بە توانای کۆمەڵگە و سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرقەرار لە تۆکمەکردنی پایەکانی ڕای گشتی تاوەکو بتوانێت کۆمەڵەیەک پێکبهێنێت کە لێهاتووییەکی بەرزی مەعریفی و دەرکپێکردنی هەبێت (نموونەی ئەوروپای دوای جەنگی جیهانی دووەم) لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی.

لێرەوە دەتوانین بڵێین: پێکهێنانی ڕای گشتی هۆشیار و چالاک کە توانای کارلێک و بزاوتی هەبێت، پەیوەستە بە چەندین بناغەوە، و بۆ دەسنیشانکردنی ئەو بناغە و مەرجانە هەندێک دابەشکاری هەیە کە بە گرنگی دەزانین لەم شیکارییەدا بۆ دیاریکردنی مەرج و بناغە جیاجیاکانی، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دیموکراسییە نوێیەکاندا، بەو پێیەی

کۆمەڵگە خاوەن سیستمە دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان کە سیستمی دیموکراسی نوێ پیادە ناکەن، میدیا لەم کۆمەڵگەیانەدا، بە هۆکارە جیاوازەکانییەوە، میدیایەکی ناچالاکە. لەو وڵاتانەی کە سیستمی ڕاگەیاندن و پەیوەندی جەماوەری تیایاندا ئازادی تەواوی نییە لە ڕووکردنە جەماوەر و سانسۆر تیایاندا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە ئاراستەکردنی میدیا، لەو دۆخەدا توانای جەماوەر بۆ ڕەتکردنەوەی ناوەڕۆکی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی ڕۆژنامە، داخراو دەبێت و میدیایەکی ئاراستەکراو دەبێت لەڕووی دانانی کۆتوبەند لەسەر مەرجەکانی داڕشتنی پەیام و ناوەڕۆکە هزرییەکان و ئەو بەرنامانەش کە لەلایەن دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی نیشتمانییەوە پەخش دەکرێن.

ئەم سیستمە زیاتر لە وڵاتە تازەپێشکەوتووەکاندا پیادە دەکرێت بەوەی کۆتوبەندە ئابووری و سیاسی و یاساییەکان کار لەسەر سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی پەیامی میدیایی دەکەن و جەماوەریش دەست و پێ بەستراو دەبێت و توانای لە هەڵبژاردنی پەیامە میدیاییەکان زۆر سنووردار دەبێت، دەکرێت ئەم کۆتوبەندانە لایەنی ماددی بن لەبەر کەمی نزمی داهات و بەهۆیەوە تاکی کۆمەڵ ناتوانێت بە ئاسانی ڕووبەڕووی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی نووسراو و بینراو و بیستراو و ئەلیکترۆنی ببێتەوە، بەتایبەتی دوای پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی لە بوارەکانی تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت و هۆکارە نوێیەکانی تر کە پێویستی بە ئامرازی تایبەت هەیە، لەگەڵ زانینی زیاتر لە زمانێک لەتەک زمانی نیشتمانیدا تاوەکو بتوانێت لە ناوەڕۆکی هەواڵی و بەرنامەیی ئەو هۆکارە ئەلیکترۆنی و

تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییە جیهانییە بگات سەرەڕای نەبوونی سیستمێکی هەرێمیی مەعریفی و تەندروست و فێرکاری ... هەموو ئەم فاکتەرانە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی چالاک سنووردار دەکەن و لەهەمان کات پێچەوانەی مەرجەکانی دینامیکی بوونە بۆیە لەم بارەدا ڕای گشتی بە سنووردارییی کارلێککردن دادەنرێت.

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر، چوار دابەشکاری بنەڕەتی دەخەینەڕوو بۆ سیستمی میدیایی و پەیوەندی جەماوەری کە ئەو پەیوەندییە دیاریدەکەن کە جەماوەر دەبەستێتەوە بە بارودۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی پەیامی میدیایی و توانای لە تێگەیشتنی ئەم پەیامە و پێکهێنانی تێڕوانینێکی پشتگیر، یا بە مانایەکی تر توانای ناوەڕۆکی میدیایی هۆکارێک یا زیاتری میدیایی و پەیوەندی جەماوەری لە کارکردنە سەر تاک و کۆمەڵەکان کە جەماوەر پێکدێنن تاوەکو هەڵوێستێکی دیاریکراو یا ئاراستەیەکی هزریی تایبەتی هەبێت کە کاربکاتە سەر ئاراستەکان و زانینەکانی بەشێوەیەکی دینامیکی، واتە بە ڕێگەیەکی کاریگەر لەسەر ئاراستەکان و هەڵسوکەوت و کردارەکان.

لەم دەستپێکەوە و بەمەبەستی سانایی، دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ ئەوەی سیستمی میدیایی کراوە و سیستمی تری داخراو هەیە .. و جیاکاری لەنێوان ئەم دوو سیستمە دەتوانرێت بخرێتەڕوو لە ڕێگەی توانای جەماوەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئازادانە و سانایی جەماوەر بۆ ناوەڕۆکی پەیام و میدیایی هۆکارە جیاجیاکانی پەیوەندی جەماوەری

........................................................

کە لەناو کۆمەڵگەدا بەردەستە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ناوەڕۆکی پەیامئامێز لەوانەیە ڕووبەڕووی هەندێک کۆتوبەند ببێتەوە لەکاتێکا ڕوو لە جەماوەری ناو کۆمەڵگە دەکات. لێرەوە گرنگی ناسینی بناغەکانی جەماوەری هۆشیار دەردەکەوێت کە ڕووبەڕووی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری دەبێتە و هەروەک ئاماژەمان بۆکرد دەکرێت جیاکاری لەنێوان دوو جۆری سەرەکی لە سیستمی میدیایی بکەین.

**❋ ڕای گشتی و سیستمەکانی ڕاگەیاندن**

**❋ فرەجۆری ڕای گشتی:**

ڕای گشتی لە وێنە و شێوەی جیاجیادا دەردەکەوێت بەگوێرەی سیستمە سیاسیە بەرقەرارەکان لە کۆمەلگەدا، واتە بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کە لەگەڵ پێکهاتە و ڕەگەزەکانیدا دێنەوە.

شێوەکانی ڕای گشتی بەپێی پێناسەکان هەمەجۆرن کە توێژەرەوان و شیکەرەوان دەیخەنەڕوو لە بوارەکانی سیاسەت و میدیا و کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە ڕای گشتی جەنگیی هەیە، هەروەها ڕای گشتی کلتووری، ڕای گشتی ئاشکرا، ڕای گشتی شاراوە، هەروەک چۆن ڕای گشتی نیشتمانی و ڕای گشتی هەرێمی و ڕای گشتی نیشتمانی و ڕای گشتی نێودەوڵەتی هەن.

ئەم هەمەجۆرییە نایەتەدی یا جێگەی متمانە نابێت بەبێ ڕوانین لە سیستمە نیشتمانییەکانی ڕاگەیاند و ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان و ڕوانین لە سرووشتی

پرۆسەی پەیوەندی جەماوەری و ئەرکە سەرەکییەکانی لەناو کۆمەلگە جیاوازەکاندا. دەشێت ڕێسایەکی گشتی پیادە بکرێت لەکاتێکا گفتوگۆ لەبارەی ئەم هەمەجۆرییەوە دەکەین سەبارەت بە شێوەکانی ڕای گشتی کە بریتی بێت لە هەلومەرجەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی جەماوەری لە سایەی سیستمە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا، ئاماژە بۆ دوو سیستمی سەرەکی دەکەین:

**❋ سیستمە میدیاییە کراوەکان.**

**❋ سیستمە داخراوەکان.**

**١- سیستمە میدیاییە کراوەکان:**

ئەو سیستمانەیە کە توانایەکی فراوان و ئاستێکی بەرزیان هەیە لە شیکردنەوەی خۆبەخۆی هەواڵ و ڕووداوەکان و لێڕوانینیان بە شێوەیەکی بابەتییانە و سانا بەشێوەیەک کە بوار بە ئاڵوگۆڕ بدات لەگەڵ ژینگە و بنیاتی سیستمی کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی، بەوپێیەی هەواڵ و ڕووداوەکان لە خستنەڕوو و شیکردنەوەدا زیاتر گەرموگوڕییان پێوە دەردەکەوێت، ئەوەش سیستمێکە خاوەنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییە کە توانای کارلێکی لەگەڵ ڕووداو پرسەکاندا هەیە.

سیستمە میدیاییە کراوەکان خاوەنی توانایەکی باشی تەکنۆلۆجی و زانستی و پیشەسازین و هەمیشە لەناو وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندان وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوای

.................................................................

ئەورووپا و یابان، بەڵام بە شتێک لە جیاوازی سەبارەت بە خاوەندارێتی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ئەم جیاوازییەش جۆرێک لە بەڕێوەبردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخستنی نێوخۆیی دەسەپێنێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانای سیستمی میدیای کراوە هەروەک ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە بەهۆی ئەو جیاوازییەی لە سرووشتی کۆمەڵگەی هەریەک لەو دوو گرووپەدا هەیە هەروەها ئەو چەمکانەی تایبەتن بە دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین و ئاستی ئەو ئازادییە ئابوورییەی لەناو سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەیە.

لەو وڵاتانەدا بنیاتی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا لەناو بنیاتی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و توێژینەوەی زانستی و ئابووری و سیاسیدا دەکاتە ئاستی تەواوکاری. ناکرێت بیر لە دامەزراندنی سیستمێکی میدیایی کراوە بکەینەوە، یا سیستمێکی ڕۆژنامەگەری خوێنراو و سیستمێکی بینراو و بیستراوی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی بەبێ ڕوانین لە پایەکانی تاک و کۆمەڵ، واتە جەماوەری وەرگر لە ڕووی توانایان بۆ وەرگرتن و بەرپەرچدانەوەی پەیامە میدیاییە جیاوازەکان.

تا ئاستی بژێوی بەرزتر بێت و چاودێری دەوڵەتیش بۆ تاکەکان زیاتر بێت لەڕێی سیستمێکی تۆکمەی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و کرێوە، جۆرێک لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دێتەدی کە توانای بەرهەمهێنانی تاکی کراوەی هەبێت لەڕووی کلتووری و هزرییەوە و کارلێکیان هەبێت لەگەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ڕووناکبیریدا. لێرەوە دەتوانرێت لەڕێی سیستمی ڕاگەیاندن و پەیوەندی بەرقەرارەوە، بیروبۆچوون و بابەتەکان و ڕووداوەکان

بخرێنەڕوو بەشێوەیەکی بابەتییانە و کاریگەر و ئاستێکی بەرزی ڕاستگۆیی. کەواتە لەکاتێکدا گفتوگۆ لەبارەی سیستمە کراوەکانی میدیا و پەیوەندی جەماوەری دەکەین لە ڕۆژئاوا، دەکرێت بڵێین کە ئەرکەکانی میدیا و ڕۆڵە بنەڕەتییەکانی و سیماکانی لەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا، تا ڕادەیەکی زۆر هاوبەشن، کەواتە میدیا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و دایەلۆگی کلتووری و مەعریفی و سیاسی و ئابووریدا، یاخود ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا.

هەروەها دەتوانین بڵێین: سیستمە میدیاییە کراوەکان بە سیفەتێکی گشتی بریتین لەو سیستمانەی کە بڕێکی زۆر لە ئاڵگۆڕی بیروڕا دەستەبەر دەکەن بەبێ بوونی کۆتوبەند لەسەر خستنەڕووی بیروبۆچوونەکان و گفتوگۆکردن لەبارەیانەوە.

**ب- سیستمە داخراوەکان (سنووردارەکان)**

ئەم سیستمە لە سایەی هەندێک بارودۆخی ئابووری و ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی ناوخۆی وڵاتدا دەردەکەوێت. لە هەندێک لە وڵاتە تازەپێشکەوتووەکاندا کۆتوبەند لەسەر جەماوەر هەیە لە وەرگرتنی پەیامە میدیاییەکان یا ڕووبەڕووبوونەوەیان، لەوانە: کۆتوبەندی ئابووری، کۆتوبەندی مەعریفی؛ سەبارەت بە کۆتوبەندی ئابووری بەزۆری ڕێگر دەبێت لە توانای جەماوەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناوەڕۆکی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەبەر نزمی ئاستی کرێ و گوزەران. کۆتوبەندی مەعریفیش خۆی لە فاکتەری زمان و بەربەستی

......................................................................

نەخوێندەواریدا دەبینێتەوە. لە هەندێک وڵاتی ئەفریقیدا ژمارەیەکی زۆر و ڕێژەیەکی بەرز لە نەخوێندەواری هەیە کە دەگاتە ٨٠٪ ی کۆی دانیشتوان. نزمی ئاستی فێرکردن و ڕۆشنبیری، یا بێتوانایی ژێرخانی فێرکردن و ڕۆشنبیری لە بڵاوکردنەوەی زانست و مەعریفە. هەموو ئەم کۆتوبەندانە ڕێگرن لەبەردەم توانای پێکهێنانی ڕایەکی گشتی ڕۆشنگەر و کاریگەر.

هەروەها چەندین فاکتەری گۆڕانکاری هەن کە ڕێگرن لە بەردەم سیستمە میدیاییەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان لە بڵاوکردنەوەی هزر و ڕووداوە نیشتمانی و جیهانییەکان. ئەم گۆڕانکارییانە کاردەکەن بۆ سەپاندنی هەندێک کۆتوبەند و سیستمە میدیاییەکەش بە هەندێک سیما و خەسڵەت ڕەنگڕێژ دەکەن، کە گرنگترینیان فاکتەری گۆڕانکاریی خاوەندارێتییە، واتە خاوەندارێتی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و توانای ئاراستەکردنی ناوەڕۆک کە دەشێت خاوەندارێتی تایبەت بێت یا گشتی و تواناکەش دەشێت ناوەندی (مەرکەزی) بێت یا ناناوەندی بێت (لامەرکەزی).

**نموونە ناناوەندییەکان (گشتییەکان یا جەماوەرییەکان):** بریتییە لە نموونەی سیستمە میدیاییەکان لە باکووری وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، بۆ نموونە لە فەرەنسا و دانیمارک کە کۆمپانیا و دامەزراوەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی تایبەتییان لێیە، واتە موڵکی گشتین و سیستمی میدیایی پیادەکراو بریتییە لە سیستمی ناناوەندی لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی جەماوەری. ئەم سیستمانە ڕێگە دەدەن بە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی ڕۆشنگەر و

بەهێز کە دەربڕی بەرژەوەندی گشتی تاک و کۆمەڵەکانە بەڵام ئەم سیستمانە وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانن لەسەر بنەمایەکی تۆکمە کە هەمیشە کاردەکات لەسەر گەشەپێدانی تواناکانی تاک و کۆمەڵ لەڕێی گەشەپێدانی بنیاتە بنەڕەتییەکانی، هەروەها لەڕێی گەشەپێدانی توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆجیا و پیشەسازییە پێشکەوتووەکان کە خزمەت بە توانای کێبڕکێ دەکەن لە بوارەکانی پیشەسازیدا لەسەر ئاستی جیهانی، هەروەها کاردەکەن لەسەر گەشەپێدانی توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندرووستی و ژینگە و ئابووری و ڕێکخستن و کارگێڕی. هەموو ئەوانە ژینگەیەک دەخولقێنێت کە توانای پیادەکردنی هزری نوێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و خزمەتکردن بە بەرژەوەندی گشتی هەبێت. ڕای گشتی لەو وڵاتانە نوێیانەدا ڕایەکی گشتی دینامیکی و چالاکە کە بەردەوام هزری نوێ ئاراستە دەکات بەرەو قۆناغی جێبەجێکردن بەمەبەستی بەرژەوەندی گشتی.

لەسایەی ئەم سیستمە ناناوەندییانەدا گرووپێکی سیاسی یا گرووپێکی خاوەن بەرژەوەندی ناتوانن پاوانی پەیامە میدیاییەکان بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو گرووپە خاوەنی بەرژەوەندییەکی تایبەت بێت کە لەلایەن پەرلەمان یا ئەنجومەنە وەزارییەکان یا میللییەکانەوە پێی بەخشرابێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە سیستمی تێکەڵیش لە ئەورووپا هەیە کە بەرژەوەندییە تایبەتەکان هەندێک بەرنامەیان لەناو دامەزراوەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا هەیە،

.......................................................

نموونەی ئەوەش لە شانشینی یەکگرتوو و لۆکسمبۆرگ و بەلجیکا بەدی دەکرێت. ئەم سیستمە تیکەڵە لە زۆر شوێن پیادە دەکرێت بەتایبەتی لەناو دامەزراوەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ئەورووپای ڕۆژئاوا بەتایبەتی پاش پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی سیستمە ئاسمانییە نێودەوڵەتییەکان.

**سیستمە جەماوەرییە ناوەندییەکان:** برتییە لە نموونەی سۆشیالیستی یا کۆمۆنیستی، کە کەرتی گشتی خاوەنداریتی ئەم دامەزراوانە دەکات و پاوانیان دەکات و پەیامە میدیاییەکان ئاراستە دەکات بەتایبەتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن. کەرتی گشتی لەڕێی پارتی سیاسی باڵادەست و بەڕێگەیەکی ناوەندی حوکمڕانی دەکات. نموونەی دیاری ئم ئاراستەیە یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو و چەندین وڵاتی پێشووی ئەورووپای ڕۆژئاوا .

نموونەی تایبەتی ناناوەندی: لەم حاڵەتەدا هۆیەکانی ڕاگەیاندن وەک موڵکی تایبەت خاوەندارییان لێ دەکرێت، بۆیە هیچ بوارێک بۆ دەسەڵاتی ناوەندی نییە لەڕێی سیستمی سیاسی حکومییەوە و ئەم سیستمە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پیادە دەکرێت.

نموونەی تایبەتی ناوەندی: ئەم سیستمە لە چەندین وڵات پیادە دەکرێت لە ئەمەریکای لاتین و هەندێک وڵاتی ئاسیا و ئەورووپای ڕۆژئاوا و لەماوەی دەسەڵاتی نازییەکانیش لە ئەڵمانیا پیادە دەکرا.

*** ڕای گشتی لەنێوان سیاسەتی دەستەبژێر و سیاسەتی بەرژەوەندیدا:**

دەتوانین بڵێین کە ئایدیۆلۆجیای باو لە کۆمەڵگەدا دەبێتە ئاراستەکەری دامەزراوە میدیاییەکان و سیاسەتەکانی. ئایا دەبنە ئامرازێک لە دەستی دەستەبژێری سیاسی دەسەڵاتدار یاخود کۆمپانیاکانی ڕیکلام و درووستکردنی مەعریفە و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان کە ستراتیجێک دادەڕێژن تا داهات لە بەرژەوەندی کەمینەیەکی هەلپەرستی خاوەن سەرمایە کۆبکاتەوە؟. دەوڵەت ئەو دەستوور و یاسایانە دادەڕێژێت کە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەم دەستە هەلپەرستە دەکەن و زۆرینەی جەماوەر بەجێدەهێڵێت بۆ ئەو دەسەڵاتە میدیاییانەی کار بۆ کپکردنی هۆشیاری نەتەوەیی دەکەن لەڕێی پێکنەهێنانی ڕایەکی لەبارەی پرسە گرنگەکانەوە لەڕێی زانیارییە بابەتییەکان لە بوارەکانی مێژوو و سیاسەت و ئابووری و کلتوورەوە. لەو کاتەدا میدیا توانایەکی کەمی دەبێت لە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی چالاک و بزێو و کاریگەر لە دارشتن و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کلتووری و سیاسی و بەدیهێنان و پاڵپیشتیکردنی ئەم پرۆژانە.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە سرووشتی سیستمی میدیایی لە دەوڵەتدا بە پلەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هیزەی کە (دەسەڵاتی حوکمڕانی) بەدەستەوەیە و لەڕێی

.........................................................

دەستوورەوە هەڵبژێراوە بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت، لەناویشیاندا ڕاگەیاندن و دامەزراوەکانی. ڕاگەیاندن دەبێتە هێزێکی گرنگ بۆ تەیارکردنی جەماوەر بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی و ئابووری و کلتووری و کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی جەماوەر، واتە لە بەرژەوەندی گەشەپێدانی تواناکانی تاک و گرووپەکان لە کۆمەڵگەدا، و تاکیش ئەو توانایەی دەبێت کە بەشداری لە بڕیارەکاندا بکات، واتە دەبێتە بەشێک لە ڕایەکی گشتی دینامیکی و چالاک. یاخود سیستمی میدیایی لە دەوڵەتدا لە بەرژەوەندی کەمینەیەکی ناوەندیی بەبێ بەشداری ڕاستەقینەی تاک و گرووپەکانی ئەم نەتەوەیە.

ئەم جۆرە لە سیستمی میدیایی بە زۆری لە وڵاتانی جیهانی تازەپێشکەوتوودا بوونی هەیە کە تیایاندا ڕای گشتی دەنگێکی کز و دابەشبووە لە نێوان پاڵپشتی و ڕازیبووندا بەبێ بەشدارییەکی ئاشکرا بۆ پشتگیریکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی بەوپێیەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی پەیوەندی جەماوەری و کلتوور لەناو دامەزراوە حکومییە ناوەندییەکاندا کاردەکەن بۆ جێبەجێکردنی پلانێک بەبێ بەشدارییەکی ڕاستەقینەی جەماوەر ئەوەش لەبەر بێتوانایی ناوەڕۆکی میدیایی و کلتووری لە گەشەپیدانی هۆشیاری نەتەوەیی لەڕێی ئەو پرۆژانەوە.

بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕۆڵی هەواڵ و میدیا و مەعریفەی نوێی نیشتمانی لە وڵاتە تازەپێشکەوتووەکان و پێشکەوتووەکاندا لە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی کارا و چالاک

و دینامیکی، یاخود بۆ بەدینەهێنانی ئەم ئامانجە باڵایانەی سیستمە میدیایی و کلتوورییەکان بەتایبەتی لە سەردەمی نوێدا، بەشێوەی سادە هەندێک لەو دابەشکارییە باوانە دەخەینەڕوو لەسەر بنەمای ڕادەی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ئەوەی کە پێشکەشی تاک و کۆمەڵی دەکات لە فاکتەری بەهێزی کۆمەڵایەتی و کلتووری و میدیایی بۆ بەدیهێنانی جۆرێک لە دایەلۆگ و ئازادی پێکهێنانی ڕایەکی گشتی کارا و چالاک، لەڕێگەی بەشداریکردن لە بڕیارەکان و سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەتدا.

کەواتە دەکرێت جەخت بکرێتەوە لەوەی کە ڕای گشتی ڕەنگدانەوەی گرنگترین ئەرکە بنەڕەتییەکانی هۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن و بۆ بەجێگەیاندنی پێویست بە بوونی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی لەبار دەکات تا پاڵپشتی ئەم ئەرکە بنەڕەتییانە بکات کە مەرجی سەرەکین بۆ پاڵپشتی کردنی دیموکراسی هزری و خستنەڕووی بیروبۆچوون و زانیارییەکان و کارکردن وەک خاڵی بەیەک گەیشتنی جەماوەر و ڕووداو و هەواڵە گەرمەکان.

مێژووی میدیا و پەیوەندی جەماوەری وێنەی زۆرمان نیشان دەدەن لە سەرکوتکردنی هزر و مەعریفە و دەربڕینی پرس و کێشە جیاوازەکان، تەنانەت لە وڵاتە ڕۆژئاواییە دیموکراسییەکاندا و دواتریش بێتوانایی لە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی ڕۆشن. دەوڵەت دەسەڵاتی کۆتاییە لە خستنەرووی ڕاستییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان و خاوەنی دەسەڵاتی باڵایە و دەتوانێت لای خۆیەوە پەنابەرێتە بەر

کرداری سڕینەوە و بژارکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان کە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا دێنەوە، واتە ئەوەی دەخرێنە بەردەم ڕای گشتی، ئەوەش بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی و بیروبۆچوونەکانی خۆی.

یەکێک لە گرنگترین کاریگەرییەکانی شۆڕشی تەکنۆلۆجی و زانستی لە بوارەکانی پەیوەندی و میدیای ئاسمانی و ئەلیکترۆنی کە لە ڕۆژئاوای پێشکەوتوو لە ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاتەپێش لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، بریتییە لە خێراکرنی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لەڕێی پێکهێنانی ڕای گشتی نێوخۆیی بەهۆی ئەم هۆکارانەی ڕاگەیاندنەوە کە توانای پشتگیریکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدانی هەبێت.

*** قۆستنەوەی پێکهێنانی ڕای گشتی بەمەبەستی گۆڕینی بارودۆخی سیاسی:**

چەندین نموونە لەم ڕووەوە هەن، کە دیارترینییان لە ڕوانینی ئێمەوە ئەو ئاڵوگۆڕە بوو کە لە یەکێتی سۆڤیەت ڕوویدا دوای هەڵگیرسانی جەنگی سارد کە زیاتر لە بیست ساڵ درێژەی کێشا لەنێوان ئۆردووی ڕۆژهەڵات بە سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤییەت و ئۆردووی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و زانستی لە دروستکردنی مەعریفە و پەیوەندییەکان و زانیارییە نووسرا و بینراو وبیستراوەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما، چەندین هۆکار و شێوەی هزری و مەعریفییان خستەڕوو بۆ

بەگژداچوونەوەی ئۆردووی ڕۆژهەڵات (یەکێتی سۆڤیەت) و بە (جەنگی خاچییان لەپێناوی ئازادی) ناوبرا. بۆ ئەو مەبەستەش زانیاری هەمەجۆر بەکارهێنرا لە بوارەکانی سیاسی کلتووری و مرۆیی و ئەنترۆپۆلۆجیدا، هەر بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە هونەرمەندان و نووسەران و توێژەران بەکارهێنران تا کاریگەری لەسەر هاولاتی رووسی درووست بکەن لەڕێی بەرهەمهێنانی بەرنامەی هەمەجۆری تەلەفزیۆنی و فیلمی سینەمایی و بەرنامەی کلتووری کە بووە هۆی پێکهێنانی ڕایەکی گشتی دژ بە سۆشیالیزم.

لەم بارەیەوە (بین کرۆسپی) ئەڵێت: «ئەمەوێ پێتان بڵێم کە لە پشتی بەربەستە ئاسنینەکەوە هاوڕێی زۆر باش و نایابنمان هەیە کە ڕەنگە ژمارەیان گەیشتبێتە ٥٠ یا ٦٠ ملیۆن و ئەوانە نە ڕووسین و نە کۆمۆنیست بەڵکو خەڵکانێکن کە حەزیان بە ئازادییە و لە وڵاتە دیلەکاندا دەژین و نایانەوێت بڕوا بەو درۆ سوورانە بکەن کە کۆمۆنیستەکان بۆیان دەکەن. ئەزانن بۆچی خەڵکی بڕوا بەو درۆییانە ناکەن؟ لەبەرئەوەی ئێمە، تۆ و من و ملیۆنانی وەک ئێمەی ئەمەریکی ڕێگەی خۆمان بەهۆی ڕاستییەوە دۆزییەوە بۆ بەزاندنی ئەو بەربەستە ئاسنینە“. ئەو وشانە لە ڕادیۆی ئەورووپای ئازادەوە پەخش دەکرا کە لە گرنگترین چەکەکانی ڕاگەیاندن و ڕادیۆ بوو کە دامەزرا بوو بۆ پێکهێنانی ڕایەکی گشتی دژ بە یەکێتی سۆڤیەت، واتە لەناو خودی ئۆردووی ڕۆژهەڵات و ئەو ئـێستگەیە بووە بەهێزترین چەک کە کار بۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای سەرمایەداری بکات. میدیای

........................................................

ڕۆژئاوایی ناوەڕۆکێکی میدیایی پیادە دەکرد کە ڕووی لە تاک و کۆمەڵ دەکرد لە وڵاتە سۆشیالیستەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و یەکێتی سۆڤیەت و هانی دەدان بۆ بەرپاکردنی شۆڕش دژی ئەو کۆتوبەندانەی خرابوونە سەر ئازادییەکانیان و ژیانی تایبەتییان. هەروەها ئەم هۆکارانەی ڕاگەیاندن و ناوەڕۆکە هەمەجۆرەکانیان، بەتایبەتی ناوەڕۆکی فیلمی تەلەفزیۆنی و سینەمایی، کاریان دەکرد بۆ نیشاندانی ژیانی دیموکراسی تاک و کۆمەڵ لە ڕۆژئاوای ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەڕێی فیلمی سینەمایی و دراما و دۆکیومێنتاری و کلتووری کە ئامانجی سەرەکییان بریتی بوو لە پاڵپشتی کردنی ڕای گشتی لە ئۆردووی ڕۆژهەڵات بەوەی کە سەرمایەداری گرنگترین ئامرازە لە بەدیهێنانی ئازادی بەو جۆرە ڕایەکی گشتی ناوخۆیی پێکهێنا کە ئامادەی شۆڕش بوو بەسەر سیستمی کۆمەنیستیدا.

ئەڵبەت توانای میدیای ڕۆژئاوایی لە گرتنەبەری زیاتر لە هۆکارێک لە هۆکارەکانی گواستنەوەی زانیاری و بیروبۆچوونەکان و جەختکردنەوە لەسەر دووبارەکردنەوەی بەردەوامی ئەو زانیارییانەی پاڵپشتی لە هزری ڕۆژئاوایی دەکەن بەچەندین شێوە و بۆ ماوەیەکی زۆر، گرنگییەکی گەورەی هەبوو لە بەدیهێنانی ئامانجی کۆتایی، کە بریتی بوو لە پێکهێنانی ڕایەکی گشتی کە گومان لە چەمکی سۆشیالیستییەکان بکات و چاوی ڕوو لەو چەمکانە بکات کە ناوەڕۆکی میدیای ڕۆژئاوایی بانگەشەی بۆ دەکەن و باس لە ئازادی و گەشەپێدان دەکەن کە چەمکە سەرمایەدارییە ڕۆژئاواییەکان دەیخەنەڕوو.

## شەشەم:

## پێوانەکردنی ڕای گشتی

کرداری پێوانەکردنی ڕای گشتی بەتایبەتی لە سیستەمە دیموکراسییە نوێیەکاندا گرنگییەکی گەورەی هەیە، کە لەڕێی ئەوەوە دەتوانێت بە ڕای گشتی ئاشنا بین سەبارەت بە هەڵوێست و پرسە گەورەکانی ناو کۆمەڵگە و وێنەیەکی ڕوونمان نیشان بدات لەبارەی هەڵوێستی زۆرینەی جەماوەر بەرامبەر سیاسەتە گشتییەکانی سیستەمە سیاسییەکان و بۆچوونیان سەبارەت بە سیاسەتە گشتییە هەمەجۆرە کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئابووری و سیاسییەکانەوە لەسەر ئاستی ناوخۆی نیشتمانی و ئاستی نێودەوڵەتی. توێژینەوەکانی تایبەت بە بازاڕکردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوونە بناغەیەکی زانستی و ئەزموونی بۆ توێژینەوەکانی ڕای گشتی بەتایبەتی لە بوارەکانی تردا، بەوپێیەی بنەمای زانستی و پێڕەوی داڕشت بە تایبەتی لە بوارەکانی پێڕەوە چەندایەتییە ئەزموونگەرییەکاندا (Em-piricism).

توێژینەوەکانی بە بازاڕکردن کە لە ڕۆژنامە و دامەزراوە میدیایی و ڕیکلامییەکان بڵاودەکرانەوە لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

وەک پەیمانگەی کالۆپ بۆ پێوانەی ڕای گشتی لە ساڵی ١٩٣٦ەوە و نووسینگەی ڕای گشتی لە زانکۆی برینستۆن لە ساڵی ١٩٤٠، بەوپێیەی هەڵگری داتا و زانیاریی باوەڕپێکراو بوون، ڕێنیشاندەر بوون لە بواری هزری و چۆنییەتی جێبەجێکردنیان لە بوارەکانی سیاسەتدا، بەتایبەتی لەبارەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتی و پەرلەمانییەکان لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوایی لە ئەورووپا و وڵاتانی تری جیهان.

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە جەماوەرییە جیاجیاکان بە هۆکار و ئامرازی گرنگ دادەنرێن لە خستنەڕووی بیروڕا و سیاسەتەکانی بەربژێرەکانی هەڵبژاردنەکان لەبەرامبەر ڕای گشتی و میللیدا بەوەی بیروڕا و سیاسەتە ئایندەییەکان لەناو پەرلەمان و ئەنجومەنی گەل دەخاتەروو و دەیانگوازێتەوە بەهۆی ئامرازە میدیاییە جیاجیاکانەوە. تا ڕووبەری دیموکراسی سیاسی و ئابووری و کلتووری فراوانتر بێت لە کۆمەڵگەیەکدا، ئەو بابەت و پرسانەش هەمەجۆر دەبن کە لەڕێی ناوەندەکانی پێوانەی ڕای گشتییەوە توێژینەوەی بابەتییان لەبارەوە دەکرێت بەمەبەستی تێگەیشتن و بایەخدان بەو پرسانە و ڕادەی گرنگییە چارەنووسازەکانیان لەناو کۆمەڵگەدا. میدیا و ناوەڕۆکە جیاجیاکانی گرنگییەکی زۆریان هەیە لە بوارەکانی هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی و بایەخدانی بە ئاڵوگۆڕەکان و ڕەگەزەکانی ئەو پرسانەی خراونەتەڕوو لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و کلتووری ناو کۆمەڵگەدا.

لێرەوە جەخت لە گرنگی زانیارییە بەردەستەکان و توێژینەوە بابەتییەکان دەکەینەوە کە لە بوارەکانی باسکردنی پرسە گشتییە

جیاوازەکانی پەیوەست بە چارەنووسی گەلەوە ئەنجامدراون. ئەم خاڵە بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەخاتە ئەستۆی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە ناوەڕۆکە هزرییە جیاوازەکانییەوە. تا ڕای گشتی هۆشیار بکرێتەوە و ئاگادار بکرێتەوە لە ڕووداو و پرسەکانی دەوروبەر، چەمکی ئاسایشی کلتووری و کۆمەڵایەتی و هزری ناو کۆمەڵگە تۆکمەتر دەبێت.

لێرەوە، سیستمە دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوا نموونەن بۆ گرنگی پێوانەی ڕای گشتی و هەوڵدان بۆ زانینی ئەنجامەکانی بەوپێیەی نیشاندەری ئاماژەی ڕاستەقینەی ڕای گشتی و دەنگی درووستن بۆ دیاریکردنی بابەتە لەپێشینەکان لەبارەی سیاسەتە گشتیەکانی پارتە سیاسییەکان و سەرکردە و سەرۆکەکانی ئەو سیستمانە.

هۆکار و ئامرازی تریش هەن بۆ زانینی ڕای گشتی وەک پارتە سیاسییەکان و گرووپەکانی گوشار کە ڕۆژنامەکانی سەر بە ئەوان یەکێکن لەو ئامرازانە. هەروەها تەلەفزیۆنی نیشتمانی بەو توانایەی هەیەتی لە بڵاوبوونەوەی بەرفراوان، دەتوانێت وێنەی سیاسەتە گشتییەکانی ئەو پارتانە بگوازێتەوە لەڕێی بەرنامە تەلەفزیۆنییە جیاجیاکانەوە، کە بەزۆری لەلایەن پارتە سیاسییەکان و گرووپەکانی گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە پارەیان بۆ دابین دەکرێت.

لەم سۆنگەیە، نووسەران و شیکەرەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان زانا و بیرمەندان گرنگییەکی تایبەتیان هەیە بەهۆی توانایان لە خستنەڕووی ئەو بارودۆخەی لەئارادایە بۆ کۆمەلگە و توانان لە داڕشتنی لە ڕۆژنامە و توێژینەوە و

..........................................................

وتارە جۆراوجۆرەکاندا. لە دۆخێکی وەهادا، ڕۆژنامە ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە داڕشتنی زۆرێک لە پرسە گشتییەکانی ناو کۆمەلگە .... بۆیە ڕۆژنامە ڕۆڵی هەیە لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی بەلاّم ڕایەکی گشتی ڕووناکبیر و خوێنەر.

کرداری ڕاپرسی گشتی (Referendum) ئامرازێکی گرنگە بۆ پێوانەی ڕای گشتی و ناسینی بەتایبەتی سەبارەت بە پرسە گشتییە هەرە مەترسیدارەکان کە گرنگترینیان بریتی بێت لە گۆڕینی دەستوور یا ڕاگەیاندنی یەکگرتن ... ئەمەش هەموو تاکێکی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، بۆ نموونە مافی دەنگدان کە یاسا و دەستوور دیاریکردووە لە تەمەنی نێوان ١٨ یا ٢١ساڵیدا....... هتد.

*** ئامرازەکانی پێوانەی ڕای گشتی:**

ئەم پرسە پێڕەوییە چەندین ڕەهەند دەگرێتەوە کە گرنگترینیان بریتییە لە: ئایا چ پێڕەوێک دەگیرێتەبەر لە کرداری پێوانەکردندا؟ و ئامرازە زانستییەکانی چین؟ بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی کە بیروبۆچوونە زانستیەکان سەبارەت بە لێکۆڵینەوە و پێوانەی ڕای گشتی لەڕێی پێڕەوە زانستییە بەردەستەکان، بەتایبەتی توێژینەوە مەیدانییەکان و ئامرازە جیاوازەکانی، بەتایبەتی ئامرازە بنەڕەتییەکانی کە بەگوێرەی گرنگییان دیاریکراون بریتین لە:

ا- تێبینی و سەرنج

ب- دیدارەکان (المقابلات)

ج- فۆرم (فۆرمی توێژینەوەی مەیدانی) کە بەپێی

قۆناغبەندییەکی زانستی ئەنجام دەدرێت کە بگونجێت لەگەڵ ئامانجی کۆتایی توێژینەوەکە و کێشە سەرەکییەکەی.

پرسیارەکان (فۆرمی توێژینەوەی زانستی) بەپێی چەند هەنگاوێکی لۆژیکی دادەنرێن بەمەبەستی دەستگەیشتن بە زانیارییە داواکراوەکان (سەرەکییەکان و لاوەکییەکان) لەلایەن ئەندامی دەستەکە یا کۆمەڵەی توێژینەوەکە تا لە کۆتاییدا بتوانرێت پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان و پرسیارەکان دیاری بکرێت کە پێویستە هەر لە سەرەتاوە ڕوون بن بەگوێرەی پێڕەوێکی تر کە پرسیارەکان و گۆڕاوەکان دەستنیشان بکات بۆئەوەی لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بگەینە ئەنجامی بابەتی و پرۆسەی دیاریکردنی واقیعەکە: واقیعی پرسەکە یا کێشەکە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە لەڕووی چەندێتییەوە.

ناچینە نێو ئەم بوارە و باسکردنی پرسەکانی توێژینەوەی زانستی بەتایبەتی لەڕووی چەندێتییەوە بەڵام دەکرێت ئاماژە بکرێت بەوەی کە لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگە و ئاڵۆزبوونی بنیاتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کلتوورییەکەی و هاتنەناوەوەی هۆکاری هەمەجۆری پەیوەندی و میدیای جەماوەری و پەیوەندی بەردەوامی هزری و مەعریفی بەتایبەتی سیاسی و کلتووری لەسەر گۆڕەپانی جەماوەری نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی تایبەتی کە کۆمەڵگە تازەپێشکەوتووەکانی دووچاری قەیرانێکی ڕاستەقینە کردووە پەیوەست بەو زانیارییانەی مەعریفە جیاوازەکانی تاک و کۆمەل دیاری دەکەن، و ئەگەری جێگرتنەوەی هزری و ئابووری و سیاسی و کلتووری و مەعریفی. هەروەها

ئەوەی بەسەریدا دێت لە ناوەڕۆکی جیاجیا، بەتایبەتی ناوەڕۆکی تەلەفزیۆنی نیشتمانی و نیودەوڵەتی لەڕێی تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە کە ڕوو لە عەقڵی جەماوەری فراوان دەکات لە و وڵاتانەدا و ڕەنگە کاریگەری گەورەی هەبێت لەسەر دوورخستنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی بەهۆی ئەو زانیارییە زۆرەی بەشێویەکی سەرنجڕاکێشی هونەری و کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری داڕێژراون. لە نەبوونی سیستمی میدیایی کارا و بەتوانا لەڕووی هۆشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی ڕای گشتی لەناو ئەو کۆمەڵگانەی خاوەنی سیستمی سیاسی داخراو و خۆسەپێنن لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە بەشێوەیەک کاردەکەن ڕەنگە ببێتە مایەی زیاتر شێواندنی هۆشیاری و دواتریش بۆ پێکنەهێنانی ڕایەکی گشتی یەکگرتوو لەو وڵاتانەدا.

لەم بوارەدا، بەشێوەیەکی تایبەتی جەخت دەکەینەوە و ئاماژە دەکەین بەوەی کە دەکرێت لەڕێی ئامراز و دەزگاکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی ئاسمانی و پەیوەندی گشتییەوە پیادەبکرێت ... ئەوانەی سەر بە دامەزراوە و کۆمپانیا گەورە فرەڕەگەزەکانن کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕای گشتی سەبارەت بەو هەڵوێستانەی پێویست بە پشتگیری یاخود ڕەتکردنەوەی هەندێک پرسی نێودەوڵەتی بکات، واتە دانانی هەندێک پرسی سیاسی یا کۆمەڵایەتی یا کلتووری لە ئاجێندایەکی تایبەت بەمەبەستی ئاراستەکردنی ڕای گشتی نێودەوڵەتی کە دەتوانێت بەشێوەک کاریگەری هەبێت کە خزمەت بە سیاسەتە گشتی و تایبەتییەکانی وڵاتە گەورەکانی خاوەن ئەو دەزگا میدیایی و هزرییە مەزنانە بکات کە سنووری

کیشوەرەکان و کۆمەڵگە و نەتەوەکان دەبڕن .... (بڕوانە بابەتی ئاماژەپێکراومان سەبارەت بە سیاسەتی میدیایی کە بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو گیرابووەبەر).

پاش ئەم خستنەڕووە کورتە، دەتوانین بڵێین کە کرداری پێوانەی ڕای گشتی سەبارەت بەو بابەتانەی دەخرێنەڕوو کە جێگەی بایەخی تاک و کۆمەڵەکانە لەناو کۆمەڵگەیەکدا لە قۆناغێکی دیاریکراودا، پێوستی بە تێچووی زۆرە، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی لە بوارەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن مانگە دەسکردەکان و سیستمە ئەلیکترۆنییەکان دتوانرێت بە ئاسانی پرسیارە زانستییەکان بخرێنەڕوو، بەگوێرەی فۆرمی توێژینەوە مەیدانییەکە، بەمەبەستی گەیشتن بەو ئەنجامانەی کە ڕەنگدانەوەی درووست لەسەر ڕای گشتی دەخەنەڕوو، بەو مەرجەی ئەو پرسانە لەوانە بن کە خراونەتە بەردەم ڕای گشتی، ئەوانەی ڕەهەندی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییان هەیە ... نموونەی دەستدرێژی سەربازی بۆ سەر عیراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣، یا ئەو جەنگەی دوایی ئیسرائیل دژ بە وڵاتی لوبنان، کاتێ کەناڵی تەلەفزیۆنی نێودەوڵەتی جەزیرە لەڕێی ئینتەرنێتەوە پرسیاری خستەڕوو بەمەبەستی دیاریکردنی هەڵوێستی ڕای گشتی نێودەوڵەتی و هەرێمیی عەرەبی سەبارەت بە ئەنجامەکانی ئەو جەنگە، ئایا لە بەرژەوەندی بەرگری میللی حزب الله یە یا لە بەرژەوەندی دەستدرێژیی ئیسرائیلە لەڕووی دەستکەوت و زیانەکان، یا لەڕووی

شکست و سەرکەوتنەوە؟ لەڕێی ئەم جۆرە لە پێوانەکردنەوە هەندێک ئەنجام بەدەست هاتن کە دەکرێت لەبەرچاوبگیرێن لە هەندێک ڕاڤەکردندا لە بوارەکانی توێژینەوەی سیاسی و میدیایی و کلتووری و کۆمەڵایەتیدا.

ئەوەی دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە بریتییە لەوەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ لە بوارەکانی پێوانەکردنی ڕای گشتی سەبارەت بە دیاردەکان و پرسەکان وەک دیاردەیەکی گرنگ بڵاوبووەتەوە بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان بەڕێگەی زانستی خێرا و تێچوونی کەمتر لەو بڕە زۆرەی ئەو توێژینەوانە بەڕێگە زانستییە باوەکان دەیانویست.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری – بۆردی هۆشیاری